
## پەیامی سەرەخۆشیی لێپرسراوی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ کۆچی دوایی مامۆستا پەرتەو کرماشانی

مەرگی شاعیر، نەتەوەیەک داخدار دەکات

بەداخەوە مامۆستای پایەبەرز و شاعیری دەروەستی گەل و زمان و نیشتمان، «عەلی ئەشرەف نۆبەتی» ناسراو بە «پەرتەو کرماشانی» کۆچی دوایی کرد. شاعیرێک کە لە دوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامیدا کە هەردووکیان لە ڕاستیدا یەک ڕێژیم دژ بە کوردستان و کورد بوون، سەری بۆ ستەمکاران شۆڕ نەکرد و خزمەتێکی گەورەی لە ڕێگەی هەزاران بەیتی شێعرەوە بە زمانی نەتەوەکەی و نیشتمانی کوردستان گەیاند. خاکی پڕپیت و پڕ هونەری کرماشان جگەرگۆشەی کوردستانی نیشتمانی خۆشەویستمان، شاعیرێکی دەروەست لەباوەش دەگرێت و هەموومان بۆ مەرگی داخدارین، بەڵام شێعرەکانی و خزمەتەکانی بە زمان و کەلتووری نەتەوەکەی تا هەتایە زیندووە و منداڵانی نەوەکانی کوردی پێ بار دەهێنرێت.

بەبۆنەی مەرگی شاعیری پایەبەرز «پەرتەو کرماشانی» سەرەخۆشی لە هەموو نەتەوەی کورد و بەتایبەت خەڵکی نیشتمانپەروەری کرماشان و لە کۆمەڵگەی ئەدەبی و ڕووناکبیریی کوردستان و هەروەها بنەماڵەی داخداری دەکەم.

ڕۆحی پەرتەوی شاعیر شاد و نیشتمانی کوردستان ئاوەدان.



**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**لێپرسراوی گشتی**
**مستەفا هیجری**
**٦ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە کەمپی جێژنیکان پیرۆز کرا




ڕۆژی هەینی ڕێکەوتی ١ی ڕێبەندانی ٢٧٢١ی کوردی بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، بنەماڵەکان و میوانان جێژنی ٢ی ڕێبەندان لە کەمپی جێژنیکان بەڕێوە چوو.

لە ڕێوڕەسمەدا بەشێک لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بەشدار بوون.

سەرەتای ڕێوڕەسمە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان دەستی پێکرد.

پاشان «تەیموور مستەفایی» ئەندامی ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

ناوبراو لە قسەکانیدا باسی لە بابەتی نەتەوەیی و دێموکراتیک بوونی کۆماری کوردستان کرد کە ئەو دوو بابەتە چەندە لە کار و کردوەکانی کۆماری کوردستاندا ڕەنگی داوەتەوە. ناوبراو باسی لە «ڕۆزوێڵت» کرد کە کاتێک سەردانی کۆماری کوردستان کردووە ناوبراو چەندە بە گرینگی و بایەخەوە باسی لە بوونی دێموکراسی لە کۆماری کوردستاندا کردووە.

دوای قسەکانی «مستەفایی» شێعرێک لەژێر ناوی «هەستەوە کۆمارەکەم» لەلایەن مامۆستا «بێبەش» پێشکەش کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا گۆرانییەکی فۆلکلۆر لەلایەن «عوسمان ڕەحمانی» پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرا.

لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا بە سەرپەرەستیی «محەممەد خوسرەوی» پێشمەرگەی کوردستان؛ لەلایەن منداڵانی کەمپی جێژنیکان سروودێکی شۆڕشگێڕانە پێشکەش کرا.

پاشان پەیامی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی یەکیەتیی لاوان و ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران و یەکیەتیی خوێندکارانی دێموکراتی کوردستان لەلایەن «سیما ڕێواز» خوێندرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا گۆرانییەکی فۆلکلۆر لەلایەن «مەتین محەممەدی» پێشمەرگەی کوردستان پێشکەش کرا.

بۆ ئەو ڕێوڕەسمە چەندین پەیامی پیرۆزبایی تایبەت بە ٢ی ڕێبەندان نێردرابوون کە بریتی بوون لە:

- وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان
- یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان - کۆمیتەی ١٩ی ڕێکخستنی بەحرکە
- بروسکەی پیرۆزبایی پارتی دێموکراتی کوردستان - لقی ١٦ی هەولێر لێژنە ناوچەی بەرانەتی
- بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی هەواڵگریی وەزارەتی پێشمەرگە هەرێمی کوردستان
- برووسکەی پیرۆزبایی ڕێکخراوی بەرانەتی

ڕێوڕەسمەکە بە شایی و هەڵپەڕکێ کۆتایی پێهات.

## ناوەندی هاوکاری: ویست و داخوازیی مامۆستایان بەرحەق و ڕەوان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مانگرتنەکانی ئەم دواییەی مامۆستایان لە کوردستان و ئێران ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

مامۆستایانی خوێندنگە و زانکۆکانی ئێران و توێژی فەرهەنگی و خانەنشینکراوانی کەرتی فێرکردن و پەروەردە لە درێژەی ناڕەزایەتییەکانیان بە دۆخی ژیان و مافە سینفییەکانیان، جارێکی دیکە هاتوونەتەوە سەر شەقام و شەپۆلێکی دی لە ناڕەزایەتییەکانیان وەڕێ خستۆتەوە.

وەک هەمووان ئاگادارن لە سەرەتای ئەم حەوتوویەوە و لەسەر بانگەوازی «ئەنجوومەنی سێنفیی مامۆستایان» لە بەشیکی زۆری شار و گوندەکانی سەرانسەری ئێران بە کوردستانیشەوە مامۆستایان بە مەبەستی داواکردنی دابینکردنی مووچەی خانەنشینی، مووچە و پلەبەندی وەک یەک و هەروەها داواکاری بۆ ئازادکردنی هاوپیشەکانیان لە بەندیخانەکانی ڕێژیمدا، بە شێوەی مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕین نەچوونەتە سەر کار و لەسەر داواکارییەکانیان پێداگر بوون. وتەبێژی ئەنجوومەنی سێنفیی مامۆستایان دەڵێت، ئەم ناڕەزایەتییانە ٣٠٠ شاری ئێرانی گرتووەتەوە و هەر لەم بانگەوازەدا داوا لە قوتابییان و خوێندکاران کراوە کە بۆ پشتیوانی لە مامۆستایان بێنە ڕیزی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانەوە.

داخوازیی مامۆستایان و ناڕەزایەتییەکانیان لەهەمبەر ڕەوشی خوێندن لە قوتابخانەکان وەک نەمانی ئاسەواری خوێندنی بەخۆڕایی بۆ هەمووان، بەڕێوەنەچوونی گەڵاڵەی پلەبەندی، هەڵاواردنی سیستماتیک، و هەروەها ڕێگری لە خوێندن بە زمانی دایکی و دواکەوتنی مووچە و حەقدەستەکان، مێژوویەکی دوورودرێژی هەیە بەڵام کاربەدەستانی ڕێژیم نەک هەر تا ئێستا وەڵامی داوا ڕەواکانی مامۆستایانیان نەداوەتەوە، بەڵکوو بەشێک لە مامۆستایانیان خستووەتە بەندیخانە و لە زۆر شوێن لەلایەن هێزەکانی بەناو دژە شۆڕش بێڕێزی بە مامۆستایان کراوە و ئەشکەنجە و ئازار دراون. هاوکات ناوەندە ئەمنییەتی و ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ترسی گەشەسەندنی ئەو ناڕەزایەتییانە هەوڵی گرتن، سەرکوت، بەلاڕێدابردن و چەواشەی داخوازییە ڕەواکانیان دەدەن. ناوەندە ئەمنییەتییەکان لەو ماوەیەدا هەموو هەوڵیان ئەوە بووە کە سەربەخۆیی ناڕەزایەتیی مامۆستایان و داخوازییە ڕەواکانیان بخەنە ژێر پرسیار و وا نیشان بدەن کە دەستی دەرەکی لە پشت وەڕێخستنی ناڕەزایەتییەکانەوەن.

مامۆستایان وەک توێژی پێشەنگی کۆمەڵگە کە هەردەم لە خزمەت پێگەیاندن و بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەدان، لە ماوەی زیاتر لە چل ساڵی ڕابردوودا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پەروەردە و کاربەدەستان و ئۆرگانە پێوەندیدارەکانەوە پشتگوێ خراون و بایەخێکی ئەوتۆ بە کار و ئەرک و خزمەت و ژیانیان نەدراوە.

وەک چۆن لە پرۆژە یاسای بودجەی ئەمساڵدا بودجەی ناوەندە ئەمنییەتی و سەربازی و ئیدئۆلۆژیکییەکانی ڕێژیم چەند سەد بەرابەر زیاد دەکرێت، کەچی سەرەڕای ئاوسانی ئابووریی سەدا ٥٠ بەڵام مووچە و مزی مامۆستایان سەدا ١٠ دەچێتە سەرەوە. سەرباری ئەوەش زۆر جار لەسەر داواکردنی مافەکانیان و دەربڕینی بیروڕا دەگیرێن و سزای قورسی بەندکردنی درێژخایەنیان بەسەردا دەسەپێت. لەو نێوانەدا ڕەوتی سەرکوتی مامۆستایان و بێبایەخکردنی مافەکانیان لە کوردستان دیارتر و بەرهەستتر لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بووە و زۆر جار مامۆستایان لەسەر وانەوتنەوە بە زمانی غەیرەفارسی کەوتوونەتە بەندیخانەوە و سەرەتاییترین مافەکانیان پێشێل کراون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پشتیوانی لە خواستی بەرهەق و ڕەوای مامۆستایان، داوا لە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەکات کە هاوپشت و پشتیوانی مامۆستایان بن و لە خەبات و تێکۆشانی ئەوان کە لەپێناو دەستەبەرکردنی داهاتوویەکی گەش بۆ کۆمەڵگەیە، پشتیان بەرنەدەن و لەگەڵیان بمێننەوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٣ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**

## ڕاگەیەندراوی دەزگای ڕاگەیاندن بەنیسبەت هێرشە سایبێرییەکانی ڕێژیمی ئێران

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە درێژەی هێرشە سایبێرییەکانی خۆیدا دەستی بە دروستکردنی هەندێک لاپەڕەی جەعلی بە ناوی «کوردستان میدیا» کردووە و هەوڵی سیخوڕی بەسەر خەڵکدا دەدات.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

پیلانێکی مەترسیداری سایبریی ڕێژیم دژ بە ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکرات

بەپێی زانیاریەکان، ماڵپەڕێکی جەعلی بە ناوی کوردستان میدیا دروست کراوە و لە ئادرەسی ڕاستەقینەی کوردستان میدیا، ماڵپەڕی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کەڵک وەرگیراوە بەڵام لە یەک پیتدا جیاوازیی هەیە.

بەم شێوە خەڵکێک وادەزانن کە ئەم ئادرەسە هەمان ئادرەسی ڕاستەقینەی کوردستان میدیایە و لێیان تێک دەچێت. ماڵپەڕی سەرەکیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم شێوە دەنووسرێ: www.kurdistanmedia.com بەڵام ئەو ماڵپەڕێ ناراستە، ئادرەسەکەی بەم شێوەیە: www.kurdestanmedia.com کە تەنیا لە یەک پیتی kurdistan لەگەڵ kurdestan لە پیتی i و e دا جیاوازە. ماڵپەرە ناڕاستەکە ئەگەر هەر کەس سەردانی بکا، شتێکی تێدا نییە و یەک ڕاست بینەر پێوەندی دەدا بە ماڵپەڕە ئەسڵییەکەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران. بەم شێوەیە خەڵك دڵنیایی لە ماڵپەڕە جەعلیەکەش پەیدا دەکەن و پێییان وایە هەر هەمان شتە بەڵام لە ڕاستیدا ئەو ماڵپەڕە جەعلیە بۆ لەداوخستنی خەڵک و چالاکان دروستکراوە.

مەترسیەکە لەوەدایە کە ئیمەیلیش بە ناوی ئەو ئادرەسە جەعلیە دروست کراوە و لە ڕێگەی ئیمەیلەوە پەیام بۆ خەڵک دەنێردرێ کە ئەمە دەبێتە هۆکار بۆ وەداو کەوتنی خەڵکانێک کە سەرنج لە هەموو پیتەکانی ئادرەسەکە نادەن.

لەو ڕێگەوە دەکرێ هەم بەرنامە و ئاپی خراپ بۆ خەڵک بنێرن و هەم لە ڕێگەی ئیمەیلی جەعلیەوە چالاکانی نێوخۆی وڵات شناسایی بکەن و بیانهەوێ بزانن کێ سەردانی ماڵپەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکات.

بەپێی زانیارییەکان ئەم ماڵپەڕە جەعلیە لەلایەن گرووپە سایبێریەکانی سەر بە سپای پاسدارانەوە دروست کراوە و بۆ پیلانگێڕی و وەداوخستنی خەڵک لەم مێتۆدە مەترسیدارە کەڵک وەردەگرن.

تکایە هەم لە ئادرەسی ماڵپەر و هەم لە ئیمەل و هەموو کاناڵەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێراندا دیقەتی تەواو لە هەموو پیتەکان و شێوازی نووسینیان بکەن.

ئادرەسی سەرەکی و ڕاستەقینەی ماڵپەڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ئەمەیە: www.kurdistanmedia.com

هەروەها ئادرەسی ئیمەیلەکەشی بەم شێوەیە: info@kurdistanmedia.com

تکایە بڕوا بە ئادرەسی دیکە مەکەن.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی**
**٧ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی**
**٢٧ی ژانویەی ٢٠٢٢ی زایینی**

## دەورەی ٢٥٤ی سەرەتایی پێشمەرگە لە فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان کۆتایی پێهات

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، دەورەی ٢٥٤ی سەرەتایی پێشمەرگەی کوردستان بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە، بەرپرسانی سیاسی و نیزامیی حیزبی دێموکرات و میوانان لە فێرگەی فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد. دواتر بەشداربووانی دەورە لەژێر بەفرێکی زستانیدا بە ئەنجامدانی ڕژەی نیزامی و پیشاندانی ڕاهێنانەکانی خۆیان لە ماوەی دەورەکەدا، ئامادەیی جەستەیی و نیزامیی خۆیان خستە ڕوو. پاشان «خالید دەروێژە» ئەندامی دەستەی کارگێڕیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، چەند وتەیەکی بەم بۆنەوە پێشکەشی بەشداربووان کرد. لە درێژەی ڕێوڕسمەکەدا سروودێک کە کۆڕی هونەریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئامادەی کردبوو لەلایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکەدا ڕاپۆرتی پەروەردەیی فێرگە لەلایەن «هێمن ڕەسوول ئابادی» مامۆستای فێرگەوە پێشکەش کرا. دواتر پەیامی دەورەی ٢٥٤ی سەرەتایی لە لایەن «ئەیووب مەحموودزادە» بەشداربووی دەورەوە خوێندرایەوە.

لەو ڕێوڕەسمەدا کەسانی سەرکەوتوو لە بەشی سیاسی و نیزامیدا کە پلەی یەکەم هەتا سێهەمیان بەدەست هێنابوو لەلایەن «سەعدی محەممەدی» فەرماندەی هێزی ١٢٥ خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا. ئەو کەسانە بریتی بوون لە «ئەیووب مەحموودزادە، ئەوین ئەحمەدیان و هەدیە گوڵباخیان». هەروەها «هێرۆ عەزیزی، سەحەر بەهرامی، ئەمیر مەولوودی و زاهیر قەرینە» لە بەشی نەزم و دیسیپلین کەسانی یەکەم هەتا سێهەم بوون و لەلایەن «خاتوون ئەسپەندار» خێزانی شەهید «عوسمان مستەفاپوور» خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا. ڕێوڕسمەکە بە گورانییەک کە بە سەرپەرەستیی کۆڕی هونەریی هێزی پێشمەرگەی کورستان ئامادە کرابوو لەلایەن بەشداربووی دەورە «جەماڵ» کۆتایی پێهات.



## پرسی کورد لەلایەن ئەنەکەسە و حیزبی دێموکرات تاوتوێ کرا



نوێنەرایەتی «ئەنەکەسە» (ENKS) لە هەرێمی کوردستان سەردانی نووسینگەی نوێنەرایەتیی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد.

ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی، شاندێکی نوێنەرایەتی «ENKS» بە سەرپەرەستیی دوکتور «کاوە عەزیز» سەردانی نووسینگەی پەیوەندییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە شاری «هەولێر» کرد.

ئەو شاندە لەلایەن «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پێوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازییان لێ کرا.

لەو چاوپێکەوتنەدا بارودۆخی کوردستانی «ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات» لەلایەن شاندی هەر دوو لا خرایە بەرباس و تاوتوێ کرا.

هەروەها دوو لایەن ئاماژەیان بەوەدا کە پرسی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی وڵاتانی ناوچە و زلهێزانی جیهانیدا گرێدراوی ڕوانگە و ستراتیژییەکی هاوبەشن و چارەنووسی جووڵانەوەی کورد لە هەر کام لە بەشەکاندا کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان لەسەر یەکترهەیە.

لەو دیدارەدا باس لەوە کرا دەبێ پێویستییەکی گرینگ بە چۆنیەتی کار و تێکۆشان و پەیوەندییەکانمان لەگەڵ یەکتر بدەین و بە وریاییەوە ئاگاداری پیلانی نەیارانی کورد لەهەر چوار بەشی کوردستان بین.

## بەشداریی شاندێکی حیزبی دێموکرات لەساڵڕۆژی دامەزرانی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان»

شاندێکی حیزبی دێموکرات بەبۆنەی ٢٧ـەمین ساڵوەگەڕی دامەزرانی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان» سەردانی پارتی «کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان»یان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٢ی ڕێبەندانی ١٤٠٠ی هەتاوی شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی «محەممەدساڵح قادری» بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزبی دێموکرات، سەردانی پارتی «کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان»ـیان کرد. شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن «باپیر کامەلا» سکرتێری پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان ئەندامانی سەرکردایەتی پێشوازییان لێ کرا. شاندی حیزبی دێموکلرات بەم بۆنەوە پەیامی پیرۆزبایی حیزبی دێموکراتیان بە سەرکردایەتی «پارتی کرێکاران و ڕەنجدەرانی کوردستان» گەیاند و هەردوولا وێڕای بەرزنرخاندنی پەیوەندیی نێوانیان، خۆشحاڵیی خۆیان لەو سەردانە و ڕابردووی کارو تێکۆشانی هەر دوولا دەربڕی.



لەو دیدارەدا شاندی حیزبی دێموکرات چاویان بە نوێنەرانی چەندین لایەنی سیاسی، پارلمانتار و دامودەزگاکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کەوت.

## پێشانگایەکی وێنەگری لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو

پێشانگایەکی وێنە لە ژێر ناوی «مەشقی پۆرترە» لە وێنەگریی چەندین پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات لە بنکەی سەرەکیی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

ئەو پیشانگایە بە سەرپەرەستیی «کەیوان فاتحی» بەڕێوە چووە.

ئەو پیشانگایە لەلایەن «هەڵمەت کەماڵی» پێشمەرگەی کوردستان بە ڕووی بەشداران و خەڵکی بەشداردا کراوەتەوە.

وێنەکانی ئەو پیشانگایە لە قاڵبی پۆرترەی «سینگڵ شات»دایە.

وێنەگرانی ئەو پیشانگایە بریتی بوونە لە: ‹› ساحل خادمی، ستار ئیبراهیمی، سینا قاسمی زادە، وریا تەوەسوولی، ئاژوان شاکری، کامبیز مام ئەحمەدی، ئەسعەد عوبەیدی و هاوژین سەیفی».



«پۆرترە» وێنەیەکە لە ڕوخساری کەسێک کە وێنەگر لەو وێنەیەدا کەسایەتی و ماهیەتی تاک پیشان دەدات.

لە «پۆرترە» داهێنانی وێنەگر زۆر گرینگە تا وێنەیەکی باش بگرێت.

## یەکیەتیی ژنان سێمینارێکی لەژێر ناوی «ژن لە کوردستانی داگیرکراودا» بەڕێوە برد



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٣ی ڕێبەندان، لەلایەن یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کورستانی ئێرانەوە سێمینارێک بۆ «سالار کەماڵی» پێشمەرگەی هێزی پێشمەرگەی کورستان لە هێزی ١٢٢، لەژێر ناوی «ژن لە کوردستانی داگیرکراودا» پێک هات. سەرەتای سێمینارەکە بە ڕاگرتنی چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. دواتر و پاش چەند وتەیەک بۆ کرانەوەی سێمینارەکە لەلایەن بەڕێوەبەریی سێمینارەکەوە داوا لە کۆڕگێڕ کرا وتەکانی پێشکەش بکات.

سالار کەماڵی لە وتەکانیدا باسی لە جیاوازییەکانی نێوان ژن لە کۆمەڵگەی کوردستان و باقیی شوێنەکانی جیهان کرد و وتی: «پێویستە پێناسەیەکی جیاواز و تایبەتمان هەبێت لە ژن لە کوردستاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خەباتێک کە لە کوردستاندا هەبووە و ئێستاش بەردەوامە».

ناوبراوهەروەها وتی: «ژنی کۆمەڵگەی ئێمە لەگەڵ هەبوونی دوو کێشە بەرەوڕووە؛ یەکەمیان کێشەی ژنبوون و دووەم کێشە نەتەوایەتییەکانی کە ئەمە یەکێکە لە خاڵە جەوهەرییەکان کە ژنی کورد لە ژنی نەتەوەکانی تر جیا دەکاتەوە». دواتر باسی لە ڕۆڵی داگیرکەر لە کوردستان کرد و وتی: «داگیرکەری کوردستان لە پاش هاتنەسەرکاری بە ئاوێتەکردنی ڕەهەندێکی ئایینی لە چەشنی ئیسلامی شیعەی ویلایەتی بە پرسی ژنەوە، هەوڵی دا کە ئاراستە و ئاقاری خەباتی ژنان لە کوردستان بگۆڕێت و بەم شێوەیە ڕاستەڕێی خەباتی ژنان بەلاڕێدا ببات».

«کەماڵی» لە بەشێکی تری قسەکانیدا زیادی کرد: «داگیرکەر هەوڵ دەدات پێناسەی لاوازبوون بەسەر ژناندا بسەپێنێت و زۆر جار کەمتر لە مرۆڤێکی ئاسایی باسی لێوە دەکات کە هەر ئەم پرسە و قەبووڵکردنی لەلایەن خودی ژنانەوە وا دەکات کە گرفتەکانی ژنان بەردەوام سەرهەڵبدەنەوە و خۆیان نوێ بکەنەوە».

دوابڕگەی سێمینارەکە بریتی بوو لە پرسیار و تێبینیی بەشداربووان کە لەلایەن «کەماڵی»یەوە وڵام درانەوە.

## هێلیکۆپتێرەکانی ڕێژیم لە بانە بەسەر ئەو شارەدا دەسووڕێنەوە

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندان هێلیکۆپتێرەکانی ڕێژیمی ئێران لە بەیانیەوە بەسەر ئاسمانی شاری «بانە»دا سووڕاونەتەوە و خەڵکیان لەژێر چاودێری دابووە.

ڕێژیمی ئێران لە کاتی بۆنە تایبەتییەکانی حیزبی دێموکرات وەک ٢ی ڕێبەندان، ٢٦ی سەرماوەز و بۆنەکانی دیکە لە ترسی چالاکیی ئەندامان و لایەنگرانی بە شێوازی جۆراجۆر کوردستان دەخاتە ژێر چاودێریی چڕ. پێشتریش لە شارەکانی دیکەی کوردستان هێزە ئیتلاعاتییەکانی ڕێژیمی ئێران زۆرێک لە هاووڵاتییانییان بەهۆی ئەوەیکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بە شێوازی جۆراجۆر پۆستی نەتەوەیی و لایەنگری لە حیزبی دێموکرات بڵاو کردبووە، بانگهێشت کردبوو. لەو پێوەندییەدا لە شاری «بۆکان»، ئیدارەی ئەماکن لەو شارە تەواوی دووکاندارانی لای پارکی «ساحلی»، سەر ڕێگەی «کۆسە» و سەیرانگای «کێوەڕەش»ی بانگهێشتی ئەو ئیدارەیە کردبوون. هاوکات لە نەغەدە ڕێژیم بەسیجەکانی ئەو شارەی فێر کردووە دیواری خانووی خەڵکی ئەو شارە بەتایبەتی ئەو خانووبەرانەی کە دیوارەکانی بە سەنگی مەڕمەڕ و سیمانی سپییە بە بیانووی ڕەشکردنەوەی دروشمی حیزبی ناحەز بکەن و خەڵک تووڕە بکەن بەپێی زانیارییاکان ئەندامی حیزب لە نەغەدە چەند کەس لەو بەکرێگیراوانەیان لە کاتی ڕەشکردن و پیسکردنی دیواری خەڵک گرتووە و سزایان داون. ئەندامانی حیزب بە ماڵپەڕی «کوردستان میدیا»یان ڕاگەیاندووە ئەو خۆفرۆشانە دانیان بەوە داناوە کە لەلایەن سپا و هێزی ئینتزامییە فێر کراون لەخۆڕایی دیواری خەڵک بە سپێریی ڕەنگ ڕەش بکەن هەتا خەڵک لە حیزب ناڕاحەت بێت. هەر لەم چوارچێوەیەدا شەوی پێنجشەممە ٧ی ڕێبەندان، لە هەڵمەتێکی شۆڕشگێڕانەدا لاوانی گوندی «نیبەر» ئاڵای پیرۆزی کوردستانیان لە یەکێک لە کۆڵانەکانی ئەو گوندە هەڵکرد.



دوای هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو گوندە کە خۆشحاڵیی دانیشتووانی گوندی لێ کەوتەوە و وێنەی چالاکییەکە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیشی تەنییەوە، چڵکاوخۆرانی ڕێژیم ئاڵای کوردستانیان لەو شوێنە هێنایە خوارەوە.

وێڕای توندوتیژی نواندنی ڕێژیمی ئێران و میلیتاریزەکردنی شار و گوندەکانی کوردستان، لاوانی کوردستان لە چالاکییە تەبلیغی و شۆڕشگێڕانەکانیان بەردەوامن و خەویان لە چاوی دوژمنی داخ لە دڵ زڕاندووە. لەلایەکی تریشەوە ئیداری ئەماکینی ڕێژیم لە بۆکان داوای لە دووکاندارانی ئەو شارە کردووە کە هەتا ١٢ی شەو بۆیان هەیە دووکانەکانیان بکەنەوە. لە بەردەوامیی چالاکییەکانی ٢ی ڕێبەندان، ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستاندا لە شاری «بۆکان»، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندان، ئیدارەی ئەماکن لەو شارە تەواوی دووکاندارانی لای پارکی «ساحلی»، سەر ڕێگەی «کۆسە» و سەیرانگای «کێوەڕەش»ی بانگهێشتی ئەو ئیدارەیە کردوون.

ئیدارەی ئەماکێن هەڕەشەی لە دووکانداران کردووە کە بڕیارێک هاتووە و ئێوەش دەبێ واژۆی بکەن ئەویش ئەوەیە تا کاتژمێر ١٢ی شەو دەتوانن دووکانەکانیان بکەنەوە و کاسبی بکەن لە کاتژمێر ١٢ بەملاوە دەبێ سەرجەم دووکانەکانیان دابخەن. ئەو هەڕەشەیە لە دووکاندارانی بۆکان لە حاڵێکدایە بەهۆی ئەوەی ئەوەیکە دووکانەکان لەسەر ڕووبار، پارکی گەورە و سەیرانگای «کێوەڕش» هەڵکەوتوون خەڵک بۆ سیاحەت سەردانی ئەو شوێنانە دەکەن.

ئەو بڕیارە لەو قەیرانە ئابوورییەدا ڕێگا لە دوکانداران دەگرێت کاسبی بکەن.

## دڕێژەی پەیڤ

لەگەڵ جیهان نەمێنێ بە قازانجی ئابووریی ئەم وڵاتەیە! بۆ دەرمانی پەتای ماڵوێرانکەری کۆرۆناش وتیان تەنیا دوعا بکەن و ڤاکسەن قەدەغەیە! سوپای پاسدارانیش دەزگایەکی زێڕدۆزینەوەی هێنا و نیشانی دا و وتی ئەمە دەزگایەکە بۆ دۆزینەوەی ڤایرۆس! هەزاران نموونەی دیکەی لەم شێوە وەکوو فەرمانی جەهاد دژی کورد و موشەکبارانکردنی ژن و منداڵ و کردەوەی دیکە لە بواری کۆمەڵایەتی و ئیدارەی وڵات و مافی مرۆڤ و مافی نەتەوەکان، بەناوی دەسەڵاتێکی نموونە بۆ ئیدارەکردنی جیهان ئەنجام درا! ئەوەی لە ٤٣ ساڵی ڕابردوودا لە ئێران ڕووی دا و تاریکبیرترین توێژی نێو کۆمەڵگایەك هاتنە سەر دەسەڵات، تەنیا و تەنیا بە یەك وشە دەتوانین هەموو ماناکەی دەربڕین: مەرگی ئەندێشە.

## قوتابیان لە پیرانشار جامانە لەمل ڕۆیشتنە سەر پۆلەکانی خوێندن

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندان قوتابیانی قوتابخانەی «فەهمیدە»ی شاری پیرانشار لە هەوڵێکی یەکدەستدا جامانە لەمل چوونە سەر پۆلەکانی خوێندن و بوونە هۆی سەرسوڕمانی مامۆستایانی ئەو قوتابخانەیە.

ئەو قوتابیانە وتوویانە، ئەو هەوڵەمان بۆیە ئەنجام داوە کە ڕۆژی چوارشەممە نازمی قوتابخانەی «خامنەیی» ڕێگەی نەدابوو بەشێک لە قوتابییانی جامانە لەمل بچنە سەر پۆلەکانی خوێندن. لە شاری پیرانشار ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندان لە قوتابخانەی «خامنەیی» نازمی ئەو قوتابخانەیە بە ناوی «هێرش» ئەو قوتابییانەی کە جامانەیان لە ملی دابووە ئینزی نەداوە بڕۆنە سەر وانەکانی خوێندن.

زیاتر لە ٥٠ قوتابی بوونە کە جامانەیان لە ملی دابووە و جامانەکانیان لەو قوتابییانە ئەستاندووە.

ئەو نازمە هەروەها بە تەلەفۆن پەیوەندیی لەگەڵ دایک و باوکی ئەو منداڵانە گرتووە کە بێن جامانەی منداڵەکانتان ببنەوە. هەوڵی قوتابییانی قوتابخانەی «فەهمیدە»ی شاری پیرانشار دەرخەری ئەوەیە ڕێژیمی ئێران لە سڕینەوەی هێما و شوناسی نەتەوەیی لە بیر و مێشکی منداڵی کورددا سەرکەوتوو نەبووە و هەروەها دەرخەری ئەوەیە لە هێماکانی نەتەوەی کورد دەترسێت.

## بە سروودی «ئەی شەهیدان» یادی شەهید حەیدەر قوربانی بەرز ڕاگیرا

دوای تێپەڕینی ٤٠ ڕۆژ لە شەهیدکرانی «حەیدەر قوربانی» زیندانیی سیاسیی کورد، لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا بە خوێندنی سروودی «ئەی شەهیدان» یادی ئەو شەهیدە بەرز ڕاگیرا.

ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندان لەلایەن بنەماڵە و خەڵکی نیشتمانپەروەر لە شاری کامیاران دوای تێپەڕینی ٤٠ ڕۆژ بەسەر ئێعدامی شەهید «حەیدەر قوربانی» بە وتنەوەی سروودی ئەی شەهیدان یادی ئەو نەمرەیان بەرز ڕاگرت.

شەهید «حەیدەر قوربانی» کوڕی شەهید «عەلی قوربانی» لە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەزبەری ساڵی ١٣٩٥دا بە تاوانی ئەندامیەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەشداریی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دوای ماوەی ٥ ساڵ دەسبەسەربوون لە بەندیخانەدا وێڕای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر کە لە هەموو مافێکی خۆی وەکوو بەندکراوێکی سیاسی بێبەش کرابوو، ڕۆژی یەکشەممە ٢٨ی سەرماوەزی ١٤٠٠ی هەتاوی، لە بەندیخانەی ناوەندی سنە لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە



# ڕێژیمی ئێران ڕووخێنەری بەهای مرۆیی



**چەکۆ ئەحمەدی**

کاتێک وڵاتێک تووشی قەیران دەبێ، هەموو جمگەکانی پێکهێنەری ئەو وڵاتە لەخۆ دەگرێ. قەیران دەتوانێ لە سیاسییەوە دەست پێبکات و بۆ هەموو بەشەکانی دیکە بگوازرێتەوە.

قەیرانی سیاسیی نێو وڵاتێک هێندە بێبەزەییە کە تەنانەت لەسەر هزر و بیری تاکی کۆمەڵگا کاریگەریی قووڵ دادەنێ بۆیە دەکرێ قەیرانی پاش سیاسی ئاوا شۆڕ بێتەوە بۆ نێو بابەتەکانی دیکە و بەرەو دارمانیان ببات. بە ڕیز دەکرێ ئاوا پۆلێن بکرێ: (پاش قەیرانی سیاسی) قەیرانی ئابووری، ژینگەیی، کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئەخلاقی و...، بە شێوەی ڕیزبەند بەدوای یەکدا دێن و تا دێ قووڵتر و ڕووخێنەرتر دەبن.

بە زۆر هۆکار کۆمەڵگای مرۆیی لە دەستپێکی سەدەی ٢١دا لە نزیک بە هەموو وڵاتان، تووشی قەیرانی یەک لەدوای یەک بووە و ڕێژەی خەساری ئەم قەیرانانە لە وڵاتانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆردا لەچاو وڵاتانی پێشکەوتوو و ئازاد، زۆر بەرچاوتر و ڕووخێنەرتر بووە. وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەڕووی سەرچاوەی ئابوورییەوە، لەچاو زۆرینەی وڵاتانی دنیا دەوڵەمەندترن، بەڵام سەرەڕای ئەم سامانە مەزنە ئابوورییە، دەکرێ بگوترێ لە ڕیزی هەژارترین (کاتێ دەگوترێ هەژار، تەنیا لایەنی ئابووری ناگرێتەوە) وڵاتانی دنیادا جێگیر بووە و لە ڕواڵەتدا هیچ هیوایەک بەدی ناکرێ بۆ باشتربوونی دۆخی ژیان لەم وڵاتانەدا؛ واتە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هۆکاری ئەم دۆخەی هێمای پێکرا، زۆر ڕوون و ئاشکرایە و بە بێ توێژینەوەش دەکرێ سەرچاوەکەی دیاری بکرێ.

دەسەڵاتی دیکتاتۆری (سیاسی) زاڵ بەسەر ئەم وڵاتانەدا هۆکاری سەرەکین بۆ بە دواکەوتوو مانەوەیان.

کاتێ چاو لە مێژوو دەکرێ، دەردەکەوێ کە سەرەتاکانی ژیاری مرۆیی و بەرەو مۆدێرن چوونەوە لەم ناوچە و بە ڕوونی لە میزۆپۆتامیاوە سەری هەڵداوە. وەک نموونە دەکرێ هێما بە نیشتەجێبوونی مرۆڤ، چاندنی دانەوێڵە، خۆماڵیکردنی ئاژەڵ و...، بکرێ بەڵام جگە لە دەسەڵاتداریی دیکتاتۆر کە هەموو قەیران و دارمان و دواکەوتووییەکانی دیکەی بەدوای خۆیدا هێناوە، هۆکار چییە کە ناوچەیەکی خاوەن مێژوو و ژیاری ئاوا، هێندە ئاڵۆز و پڕ لە قەیرانە و بە شێوەیەک بۆتە چەقی قەیرانی مرۆیی؟

بەرباس لێرەدا جوگرافیای سیاسیی ئێرانە کە بەشێک لە کوردستان، واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان تا ئێستا تێیدا هەڵکەوتووە.

ئەو چوارچێوە کە ئێستا ئێرانی پێدەگوترێ، پێکهاتوو لە چەند نەتەوەیە کە هەرکامەو یەکەیەکی دیاری نەتەوەیی سەربەخۆیە بەڵام بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو جگە لە کەمینەیەک، هیچکام لەو نەتەوانە نە دەسەڵاتیان بەدەستە و نە لە دەسەڵاتدا بەشدارن و ئەگەر واوەتریش بڕۆین، دیسان بە شێوەیەکی باوەڕپێنەکراو و جێی سەرسووڕمان، ئەو نەتەوانەی کە زۆرینەی ڕەهای ئەو جوگرافیا پێکدێنن لەژێر هێژمۆنی دەسەڵاتی کەمینەیەکی چەقبەستووی فاشیزمدایە کە لانیکەم سەد ساڵە هەموو دەسەڵاتێکی ڕەهای قۆرغ کردووە و لە پێناسەیەکی کورتدا، دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر، توتالیتێر و فاشیست ئەو جوگرافیایەی تووشی دارمان کردووە.

لایەنی سیاسی و ئابووری لەم وڵاتەدا هێندە ئاشکرایە کە پێویست ناکات لێرەدا شرۆڤە بکرێت و نزیک بە هەموو ئەو مرۆڤانەی چاوی بینین و گوێی بیستنیان هەیە، دەزانن ئەو وڵاتە لەژێر دەسەڵاتی کەمینەی داگیرکەردا بەرەو چ ئاقارێک براوە و دەکرێ بگوترێ دارماوە نەک ڕوو لە دارمانە بەڵام خاڵی بەرباس لێرەدا قەیرانی باری کولتووری و ئەخلاقییە کە هەموو لایەنەکانی ژیانی لەو وڵاتەدا خستۆتە ژێر کاریگەریی نەرێنیی خۆیەوە.

زانستە مرۆییەکان زۆر باش ڕوونی کردۆتەوە کە ئەوەی هەیە لەنێو مرۆڤەکاندا، بە بێ هیچ گرێوگۆڵێک پێوەندیی ڕاستەوخۆیان پێکەوە هەیە و کاریگەری لەسەر یەکدی دادەنێن وەک نموونە، سیاسەت لەسەر ئابووری و ئابووری لەسەر بیرکردنەوە و کولتوور و...، هەموویان لەسەر یەکدی کاریگەری دادەنێن؛ واتە هەموو ئەو شتانەی پێوەندیی بە بەرەوپێشچوونی ژیانەوە هەیە کاریگەرییان لەسەر یەکدی هەیە و لێکدی کاریگەری وەردەگرن.

ڕێژیمی ئێران لەباری سیاسییەوە تووشی دارمانێکی وا هاتووە کە تەنانەت ئاسۆیەکی ڕوونی نیو سەدەییش بەدی ناکرێ بۆ گەڕانەوە سەر هێڵی لۆژیکی تاکوو ئەو وڵاتە بەرەو ئاوەدانی و بووژانەوە بگەڕێتەوە.

ئەو ئاکارە دیکتاتۆر و فاشیستییانەی ڕێژیمی ئێران بە قۆرغکردنی هەموو جمگەکانی دەسەڵات، بەکارهێنانی هەموو کەرەستەیەکی ناڕەوا، هەوڵدان بۆ سڕینەوەی هەموو ئەویدی و نەیارێک، پاوانخوازی و داپلۆسین و تاڵان، لە هەوڵی هەتایی کردنەوەی دەسەڵاتێکە کە نەتەنیا ژێرخان و سەرخانی ئابووریی تووشی دارمان کردووە، بەڵکوو ئەخلاقی مرۆیی بەشی بەرچاوی کۆمەڵگای بەرەو مایەپووچی و دارمان بردووە، واتە دەکرێ بگوترێ دارماوە.

پێناسەی دارمان ڕوونە.

لە کۆمەڵگای تەندروست و دەسەڵاتداریی دێموکرات و پێشکەوتوودا هەوڵ دەدرێ هەستی تەنایی لە کۆمەڵگادا پەرە بستێنێ تاکوو متمانەی بەرامبەر لە نێوان تاکەکان و بەگشتی پێکهێنەرانی وڵاتدا بەهێز بێتەوە.

بەم بەهێزبوونەوەی متمانە، ڕەوتی ژیان ساناتر و دیاردەی دزێو و بەلاڕێداچوونی کۆمەڵایەتی و ئابووری و... کەم دەبێتەوە بەڵام لە کۆمەڵگای ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا هەموو ئەو پێویستییانەی کۆمەڵگا بە ئەرێنی و نەرێنییەوە بە تەواوی پێچەوانەیە.

لەو وڵاتانەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و فاشیست زاڵە (لە ئێران هەردوو جۆرەکەی پێکەوەیە)، هەموو هێز و وزەی سەرتاپای حکوومەت دەخرێتە گەڕ تاکوو بێمتمانەیی لە نێوان تاکەکان پەرە بستێنێ و تەنانەت هەوڵ دەدرێ ئەم دۆخە بەسەر بنەماڵەشدا زاڵ بکرێ. لە ئێرانی ئەمڕۆدا ئەم دۆخە لە زۆربەی ناوچەکانیدا تا ترۆپکی خۆی گەیشتووە.

دەکرێ بگوترێ کە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان تا نزیک بە کارەسات لەو وڵاتەدا دابەزیوە و ژیانی لەو کۆمەڵگایەدا هێندەی دیکە قورستر کردۆتەوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران پێویستی بەم دۆخەیە.

کاتێ نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لای تاک تووشی دارمان دەبێ، کۆمەڵگا دەست دەداتە هەڵوەشانەوەی کولتووری و ئاکاری.

کاتێ ئەم هەڵوەشانەوە پەرە بستێنێ، یەکانگیربوون بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر هەر دۆخێکی نالەبار و دزێو نزیک لە هیچ دەبێ واتە هەرجۆرە خەسارێک بەر کۆمەڵگا و وڵات بکەوێ و دەسەڵات هەرجۆرە تاوانێکیش بکات، هێندە بێمتمانەیی بەرامبەر یەکدی پەرەی سەندووە کە کۆمەڵە مرۆڤێک ناتوانن یەک بگرن بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕوونیشە کە هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی و مەزن پێویستی بە هێزە و هێزیش بە یەکگرتوویی تاکەکانی کۆمەڵگا پێکدێ.

**کاتێ نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لای تاک تووشی دارمان دەبێ، کۆمەڵگا دەست دەداتە هەڵوەشانەوەی کولتووری و ئاکاری. کاتێ ئەم هەڵوەشانەوە پەرە بستێنێ، یەکانگیربوون بۆ بەرەنگاربوونەوە بەرامبەر هەر دۆخێکی نالەبار و دزێو نزیک لە هیچ دەبێ واتە هەرجۆرە خەسارێک بەر کۆمەڵگا و وڵات بکەوێ و دەسەڵات هەرجۆرە تاوانێکیش بکات، هێندە بێمتمانەیی بەرامبەر یەکدی پەرەی سەندووە کە کۆمەڵە مرۆڤێک ناتوانن یەک بگرن بۆ بەرەنگاربوونەوە و ڕوونیشە کە هەنگاونان بەرەو گۆڕانکاریی بنەڕەتی و مەزن پێویستی بە هێزە و هێزیش بە یەکگرتوویی تاکەکانی کۆمەڵگا پێکدێ**

کەواتە ڕێژیم زۆر بەباشی ئەمانەی لێکداوەتەوە و توانیویە بەشێوەیەکی بەربڵاو بێنۆرمی و بێمتمانەیی لەنێو کۆمەڵگادا پەرە بدات.

لە دۆخێکی ئاواشدا و لە زۆربەی وڵاتان و کۆمەڵگاکاندا، کۆمەڵە مرۆڤێکیش سەردەردێنن و ئەو بە ئامانجی تاکەکەسی، یاریدەی دەسەڵات و ڕێژیم دەدەن و هێندێجاریش بە هۆی ساویلکەییەوە، بێ ئەوەی خۆیان بزانن، دەبنە ئەکتەرێکی بێ جیرە و مواجبی پرۆژەکانی ڕێژیم.

لە هەموو تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا و بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا کۆمەڵێک کردەوە و پلانی دزێو لەلایەن دەسەڵاتەوە دانراوە و هەوڵ دراوە بەڕێوە ببرێ.

لێرەدا تەنیا هێما دەدرێ بە یەک لەوانە.

کۆڵبەری

کۆڵبەری نە دەکرێ وەک پیشە بێتە ئەژمار نە دیاردە، بەڵام لای هەموان ڕوونە کە بە هۆی سیاسەتی فاشیستیی دەسەڵاتدارانی ئێران لەهەمبەر کورد کە هەموو دەرەتانێکی ئابووریی شیاوی لە کوردستاندا لەبار بردووە و بەربەستە لەبەردەم بووژانەوەی ئابووری و بازرگانیی کوردستان، بەشێک لە تاکەکانی کوردستان پەنایان بردۆتە بەر کارێک کە لە هەموو ڕوویەکەوە مەترسییە بۆ تاک و نەتەوەی کورد.

بەپێی هەواڵە بڵاوکراوەکان، لەو کەسانەی کاری کۆڵبەری دەکەن ڕێژەیەکی زۆریان لە شاخ هەڵدێراون و گیانیان لەدەست داوە. ژمارەیەکیان لە سەرمادا ڕەق بوونەتەوە و مردوون.

سەرباری ئەوەی کارێکی قورسی ئاوا چەندە لە وزەی ئەو تاکانە دەگرێت و دەبێتە هۆی کورتبوونەوەی تەمەنیان، بەڵام هیچکام لەمانە خەساری سەرەکی بۆ تاک و کۆمەڵگای کوردستان نییە، بەڵکوو ئەوەی لێرەدا زۆر گرنگ و جێی دڵگرانییە، سووکایەتی بە نەتەوەی کوردە لە لایەن سیستمی حاکمەوە.

ڕوونە کە هیچ پیشەیەک عار نییە و بەپێچەوانەوە هەر جۆرە کارکردنێک لای مرۆڤی تێگەیشتوو جێی ڕێزە. کۆڵبەری ئەگەر لە دۆخێکی ئاسایی و جێبەجێکردنی کارێک بێ زۆر ئاساییە، بەڵام کاتێک پیشەیەک کە وەك کارێکی زۆر مەترسیدار ببێتە سەرچاوەی ژیان، لەو کاتەدا چیدیکە وەک پیشەیەکی باش و بەکەڵک چاوی لێناکرێ.

وەک دیارە، فاشیستە ناوەندگەرا و پان ئێرانیستەکان (بە دەسەڵاتداری نێوخۆیی و بەناو ئۆپۆزیسیۆنی ئورووپا و ئامریکانشینەوە)، ساڵانێکە هەموو جۆرە هەوڵێک و پلانێکیان خستۆتە گەڕ تاکوو کۆڵبەر و کۆڵبەری هاوواتای کورد بکەن.

ئەم کارەی ئەوان ئامانجی ڕوونی لەپشتە. ئەوەی بەرچاو و ئاشکرایە نەتەوەی کورد تا ئێستاشی لەگەڵ بێ تاقە هێز و نەتەوەیە کە دژی دەسەڵاتی تیرۆریستی ئێران لە گۆڕەپاندایە.

هەر لەسەردەمی پاشایەتیی گەندەڵ و دیکتاتۆرەوە تا دەگاتە ڕێژیمی ئێستا، گەلێک دەستەواژەی هێندێجار ڕازاوەش خراونەتە ڕۆژەڤەوە تاکوو کورد و خەبات و ئامانجەکەی بەلاڕێدا ببرێ.

«مرزداران غیور»، «مهمان نواز»، «سەربڕ»، «تیرۆریست»، «تجزیه طلب» و «کافر» و... بەشێکن لەو ناونیتکانەی خراونەتە پاڵ کورد و هیچکامیشیان جێی نەگرتووە و تەنیا ڕەنج بەخەسارییان پێبڕا. ساڵانێکە پاش شکستهێنانیان لەوانەدا، بە شێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو پەنایان بۆ وشەی کۆڵبەری بردووە و مخابن بە هۆی بواری ڕەخساوی ئابووری و نەزانیی کۆمەڵێک کە لەنێو کوردستاندا پەرەیان پێدەدا، خەریکە چەمکی کۆڵبەر و کورد پێکەوە گرێ بدرێ.

**ساڵانێکە پاش شکستهێنانیان لەوانەدا، بە شێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو پەنایان بۆ وشەی کۆڵبەری بردووە و مخابن بە هۆی بواری ڕەخساوی ئابووری و نەزانیی کۆمەڵێک کە لەنێو کوردستاندا پەرەیان پێدەدا، خەریکە چەمکی کۆڵبەر و کورد پێکەوە گرێ بدرێ**

بەم کارە ڕێژیم دوو ئامانجی گرنگی لەبەرچاو بووە:

ئا؛ نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نزیک بە سەدەیەکە لای زۆرینەی دانیشتووانی ئەو سنوورە لەرزۆکەوە بە نەتەوەیەکی شۆڕشگێڕ و خەباتکاری نەبەزیو ناسراوە و کوورەی خەباتی ڕزگاریخوازی بەردەوام بە گەرمی ماوەتەوە؛ کەواتە دەبا هەوڵێکی وا بدەن کە ئەو ناسنامە لە سیاسی و نەتەوەییەوە بگۆڕن بە ناسنامەیەکی ئابووری و تاکی کورد ڕابێنن بۆ دابەزاندنی ئاستی داخوازی و ئابووری جێگرەوەی پرسی سیاسی و نەتەوەیی بێ.

ب؛ کۆڵبەری نەک داهاتوویەکی ئابووریی نییە، بەڵکوو سەرقاڵکردنی تاکە بە داهاتێکی مەمرە و بژییەوە واتە ئەو ڕێژە زۆرەی کە نزیک ٣٠٠ هەزار کەس مەزندە دەکرێ، بە جێی ئەوەی هەوڵ بۆ پیشەیەک یا خوێندن بدەن، هەر لە هەڕەتی لاویەتییەوە و بە هۆی دۆخی نالەباری ئابووری، پەنا دەبەنە بەر داهاتێکی خێرا و واز لە قوتابخانە دێنن و وەدوای فێربوونی پیشەیەکی فەننی کە داهاتوویەکی دیار و ڕوونی هەیە ناکەون.

پاش هەموو ئەمانە، بوارخۆشکەر دەبێ بۆ نەزانان و فاشیستەکانی دەسەڵات و سلبریتییەکانی پشت مایکی ڕێژیم کە سووکایەتی بە کۆڵبەری کورد بکەن کە ئامانج لەوە، سووکایەتی کردنە بە نەتەوەی کورد؛ کەواتە، سەرەڕای ئەوەی کۆڵبەری تاوان نییە و کۆڵبەر تاوانبار نییە، دەبێ زیاتر وشیاری بدرێتە کۆمەڵگا.

سەرچاوەی هەموو ئەمانەش، دەسەڵاتی داگیرکەری کوردستانە کە دەبێ لە هزر و وڵاتی خۆماندا وەدەریان بنێین بەڵام تا وەدەرنانی داگیرکەران لە کوردستان، هەموو تاکێکی کورد دەبێ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤی کورد بە ئەرکی خۆی بزانێت.

# ناتۆ دژایەتیی ڕەقی مۆسکۆ دەکات بۆ پاراستنی هاوپەیمانەکانی



**محەممەد سلێمانی**

ئاڵۆزییەکانی نێوان ناتۆ و ڕووسیە لەسەر قەیرانی ئۆکراین، پێی ناوەتە قۆناخێکی گەلێك هەستیار و دژوار و پێناچێت بەو سانایە ئەو لێکتێگەیشتنە بێتە ئاراوە کە مۆسکۆ هێزەکانی لە سەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە بکێشێنێتەوە و هێوری سیاسی و سەربازی باڵ بەسەر کەشوهەوای سیاسیدا بکێشێت؛ دەمێکیشە کرێملین لە بیانوویەك دەگەڕێت تا سنوورەکانی بەرفراوانتر بکات و مەترسییەکانی هێزە هاوپەیمانەکانی سەر بەناتۆ لە خۆی دوور بخاتەوە.

قەیرانی ئۆکراین و ڕووسیە نیگەرانی زۆری نێودەوڵەتی و ناوچەیی بەدوای خۆیدا هێناوە و ناتۆ زۆر بە جیددی ئەو جارە لە سەر هێڵە و بەگشتی لەهەمبەر مۆسکۆدا هەڵوێستیان گرتووە و ئیدانەی کۆکردنەوەی هێزێکی زۆری ڕووسیەیان لە سەر سنوورەکانی ئۆکراین کرد. لەو پەیوەندییەدا هەڵوێستی کرێملینیان ئیدانە و شەرمەزار کردووە و ئێستاش بە چڕی هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکانیان خستۆتە گەڕ بەمەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان کە بە ڕێگایەکدا کێشەکان بنەبڕ بکەن.

ڕووسیە بە ڕوونی دەڵێت ڕێگا بە ئۆکراین نادەن ببێتە ئەندامی ناتۆ و هێزە سەربازی و بەرگرییەکانی ناتۆ لە سەر سنوورەکانیان نزیك بکەونەوە و ئەگەر بۆیان بلوێت، ئەو وڵاتە دەخەنەوە ژێر ڕکیفی خۆیان تا بەرژەوەندییەکانیان دابین بکەن.

هەر بۆ ئەو مەبەستە و ئاگادارکردنەوەی مۆسکۆ سەبارەت بە قەیرانی ئۆکراین، وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ لە کۆبوونەوەی ژنێڤدا، بە ڕاشکاوی گووتیان بەرگری لە ئۆکراین دەکەن و ئۆکراین وەك وڵاتێك مافی خۆیەتی سیاسەت و هاوپەیمانی بۆ خۆی هەڵبژێرێ و لەبەرامبەریشدا ڕووسیە بۆی نییە دەست بخاتە نێو کاروباری نێوخۆییەوە و داگیری بکات؛ ئەمەش بەو هۆیەوە کە ئۆکراین دەیهەوێت ببێتە ئەندامی ناتۆ و لەو ڕێگایەوە ئاسایشی سیاسی و نەتەوەییان دابین بکەن و خۆیان لە مەترسییەکانی کرێملین بپارێزن.

ئەگەر ئەمریکا و وڵاتانی ئەندام لە ناتۆ هەڵوێستی ڕاشکاو و بوێرانەیان نەبووایە و بە مۆسکۆیان نەگووتبا، وڵامی هێرشەکەتان ئەدەینەوە، بێگوومان هێرشیان کردبووە سەر ئەو وڵاتە و داگیریان دەکرد؛ کە ڕوونە بەو جۆرەش مەترسیان لەسەر ئاسایشی ئۆرووپا دروست دەکرد و بەرژەوەندی و ئاسایشی گشتی سیاسی و سەربازی بەرەی ناتۆ لەگەڵ دژواری زۆر بەرەوڕوو دەبوویەوە بۆیە ئەگەر نەتوانن هاوبەش و هێڵە ستراتیژییەکانیان بەباشی بپارێزن، بێگومان مۆسکۆ زیاتر پێشڕەوی دەکات و خەونی ڕابردوویان کە لە مێشکدا گەرای گرتۆتەوە، دەهێنایە دی.

ناتۆ وەك وڵامێك بە ڕووسیە و گەیاندنی پەیامەکەیان بە کۆکردنەوەی هێزەکانی مۆسکۆ لەسەر سنوورەکانی ئەو وڵاتە، کەلوپەلی بەرگری سەربازییان ڕەوانەی ئۆکراین کردووە کە ئەمەش نیشانەی پشتیوانی ناتۆیە لە پاراستنی ئۆکراین لە بەردەم هەڕەشەکانی مۆسکۆدا و دیارە تا ئێرەش ڕوون نییە بە چ مەرجێك ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژئاوایی بە بڕیارەکانیاندا ئەچنەوە لەو پەیوەندییەدا و ڕازین بە مەرجەکانی مۆسکۆ یان بەپێچەوانەوە سیاسەتی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

ڕووسیە بەگشتی دژایەتی بوونی ناتۆ و سەکۆ مووشەکییەکانی لە سەرسنوورەکانی خۆی دەکات و هەوڵ دەدات بە فشار خستنەسەر هێندێك وڵات، نیگەرانی قووڵی بە ئەمریکا و ڕۆژاوا بگەیەنێت و ئەگەر کێشەکان بە ڕێگای ئاشتیدا چارەسەر نەکرێن، ڕووسیە یان دەبێت شەڕ بکات، یان ئەوەتا بە ژێری هێزەکانی لەسەر سنوورەکانی ئۆکراین بکێشێتەوە و دەست لە سیاسەتی پاوانخوازی بهێنێت و بە دوای بژاردەی سیاسی شیاودا بگەڕێت.

ڕووسیە بە بەرچاوی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و ئەنجوومەنی ئاسایش و بە کەڵەگایی دەڵێت: ئۆکراین بۆی نییە ببێتە ئەندامی ناتۆ و چەك و پێوستیی سەربازی لەو هاوپەیمانییە سیاسی و سەربازییەی وەك ناتۆ وەربگرێ و ببن بەبەشێك لەو ناوەندە بەرگرییە سەربازییە کە مۆسکۆ بە نەیاری گەورەی دەزانێت و لە ئێستاشدا بە هەموو شێوەیەك هەوڵی لاوازکرنی پێگەی لەسەر ئاستی گێتی دەست پێکردووە.

بێگوومان ڕووسیە لە زۆر لاوە بە هێزی ناتۆ دەورە دراوە و نیگەرانی پێگە و دەسەڵاتی مۆسکۆن و ئەو وڵاتە وەك زلهێزێکی دیاری ناوچەیی هەوڵ دەدات ئەو بوارە بڕەخسێنێ تا سنوورەکانی فراوانتر بکات و هەر لەو کاتەشدا لە هەرێمە ستراتیژییەکاندا باڵانسی هێز بەقازانجی خۆیان بگۆڕن، کە ئەو کردارەش بەلای وڵاتانی ئۆروپاییەوە جێگای پەسند نییە و نیگەرانی داهاتووی سیاسی خۆیانن؛ هەر بۆیەش بە کۆمەڵ و خێرا و جیددی دژایەتی سیاسەتی ئەو وڵاتە دەکەن و دەیانهەوێت سنوورێکی بۆ دابنێن و هێزی پێ نیشان بدەن.

وڵاتێکی وەك ئۆکراین مافی خۆیەتی هەرچیەکی بۆ وڵاتەکەی بوێ و هاوبەندی خۆی هەڵبژێرێت، ئیدی ڕووسیە بە ڕۆژی ڕووناك هەوڵ دەدات ئەو وڵاتە بە هێز داگیر بکات لەبەر ئەوەی دەیانهەوێت ببنە هاوبەشی ناتۆ کە ئەو ڕفتارەی مۆسکۆ بەگشتی کاردانەوەی نێودەوڵەتی بەدوای خۆیدا هێناوە و تەنانەت دۆستەکانی کرێملینیش پەسندی ئەو هەڵوێستەیان بەتەواوی نەکردووە و سەرکۆنەی سیاسەتی هەندەرانی عرووس دەکەن.

بەپێچەوانەی پێشبینییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوەندە ڕوون و ڕاشکاوانە بووە کە وەزیری دەرەوەی عرووسی ناچار کرد، بڵێت وڵاتەکەی ئامانجی هێرش بۆ سەر ئۆکراینیی نەبووە و ڕێز لە سەروەری خاکیان دەگرێت و لایەنگری ئاشتیانەی چارەسەرکردنی ئەو قەیرانە گەورەیەن.

باشە ئەگەر ئەو بەرنامەیان نەبووە چۆن بووە زیاتر لە ١٠٠ هەزار سەربازی ڕەوانەی سەر سنوورەکانی ئەو وڵاتەی دراوسێ یان کردووە !

ناتۆ ئەگەر سنوورێك بۆ سەرەڕۆییەکانی ڕووسیە دانەنێ،لە داهاتوودا وڵاتانی ڕۆژاوا تووشی کێشە و ئاستەنگی زۆر ئەکات و ئاسایشی سیاسی و نەتەوەییان دەکەوێتە مەترسییەوە بەدەست هێژمۆنیخوازی و سیاسەتی فراوانخوازی لە ژێر ناوی پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی ڕووسیەدا.

بێگومان هەڵوێستێکی ئەوتۆ ناچێتە خانەی لێکدانەوەی ورد و ژیرانە ئەگەر وڵاتێك لەسەر حیسابی تێکدانی ئاسایشی سیاسی و نەتەوەیی وڵاتێکی تر، هێوری و ئارامی بۆ وڵاتەکەی دابین بکات لە چەشنی سیاسەتی دەرەوەی عرووسەکان کە گەمارۆی تەواوی خستۆتە سەر سنوورەکانی ئۆکراین و هەوڵ دەدات داگیری بکات.

مۆسکۆ لە چالاکی و هەبوونی ناتۆ لە نزیك سنوورەکانی نیگەرانە و هەربۆیەش دژایەتی ئەندامەتی ئۆکراین لە ناتۆ دەکات بۆیە ئەگەر بێت و ناتۆ کە ئامانجیانە بەرەو سەر سنوورەکانی ڕووسیە شۆڕ بێتەوە، ئەوکات هێژمۆنییان لەسەر ئاستی گێتیدا دەکەوێتە مەترسییەوە و ئەو وڵاتەش هەوڵ دەدات ڕێگری لە ئەندامەتی ئۆکراین بکات و بە لاوازی بمێنێتەوە کە لە داهاتوودا هێرشی بکاتە سەر و داگیری بکات.

بێگومان ناتۆ و بەتایبەتیش وڵاتانی ئۆرووپایی زۆر بە جیددی دژایەتی هەڵوێستی ڕووسیەن لە هەمبەر قەیرانی ئۆکراین و پێناچێت لە بەرژەوەندی مۆسکۆدا پاشەکشە بکەن و ئیمتیازی ئەوتۆی پێبدرێت کە بەدڵی کرێملین بێ و بە دڵخۆشی هێزەکانیان بکێشنەوە دواوە.

لەو دەیەی ڕابرووداا ئەوە یەکەم جارە ڕووسیە لە ژێر فشاردا بڕیاری خۆی بگۆڕێ و لە بڕیاری هێرشکردنەوە پاشەکشە بکات و بە دیالۆگ هەوڵ بدات قەیرانی لەو چەشنە چارەسەر بکرێت؛ هەرچەندە دیدار و وتووێژەکان پێیان ناوەتە قۆناخی هەستیار و مۆسکۆ هەوڵی چڕ ئەدات ناتۆ ناچار بە گۆڕینی هەڵوێستی سیاسی بکات، بەڵام لێرەدا ئۆرووپا دەکەوێتە مەترسییەوە و وڵاتانی نزیك و دراوسێی عرووس بێگومان دەکەونە تەنگانەی زیاترەوە، ئەگەر بێت و مەرجی ڕووسیە قبووڵ بکەن.

بەگشتی هەلومەرجی سیاسی و سەربازی و ئابووریی نێونەتەوەیی و ناوچەیی زیاتر بەرەو دژواری دەچێ و ململانێی زلهێزەکان تا دێ زیاتر دەردەکەوێ و لەو بۆشاییە لە دیپلۆماسی سیاسی تاران لەگەڵ ئەمریکا و سەرقاڵییان بە قەیرانی ئۆکراین، هێزەکانی داعش هەوڵ دەدەن زیاتر خۆیان دەربخەنەوە و ڕێژیمی ئاخوندیش هەوڵ دەدات بە سوودی وڵاتەکەی ڕۆڵی بەرچاوتر بگێڕێت لە سەر ئاستی ناوچەییدا و بە ڕێگای بەرەی سەدر لە عێراق پێگەی تاران زیاتر بەهێز بێ و لەوێڕا سیاسەت و نفووز و دەسەڵاتی ئەمریکا بە ئامانج بگرن.

> **هەربۆیەش ڕووسیە وەک جەمسەرێکی بەهێز، ئەگەر بێت و چینی لەپشت نەبێت، بەتەنیا ناتوانێ دەرەقەتی پێگە و نفووز و هێزی سیاسی و ئابووری ئەمریکا و ڕۆژئاوا بگرێ و بە گەمارۆدرانی ئابووری توشی قەیرانی گەورەی نێوخۆیی دەکەنەوە و سیاسەتی پۆتین زیاتر پشتی بە کەللەڕەقی و بێ باکی بەستووە و ئەگەر وەزیری دەرەوە هێندێک جار کێشەکان چارەسەر نەکات، ڕووسیە بە دەردی ڕابردووی خۆی دەچێتەوە**

چین و ڕووسیە کە دوو هاوپەیمانی بە ڕواڵەت دۆستن و دژی پێگە و نفووزی ئەمریکا و ڕۆژئاوان، بە دڵنیاییەوە هەر دووك وڵات لە زۆر بواردا سیاسەتی هاوبەشیان هەیە بەڵام لە هێندێك بواریشدا ناکۆکن؛ بەتایبەت لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکاندا و دژایەتی هەر پڕۆژە بڕیارێکی ئەمریکا دەکەن کە هاوبەشەکانی ئەو دوو وڵاتە بکاتە ئامانج.

بەڵام رووسیە و چینیش دۆستایەتییەکەیان بەو شێوەیە نییە کە موویان دەبەینەوە نەچێ و لەسەر هێندێك ناوچە و شوێنی ستراتیژی پێکناکۆکن و کاتێك مۆسکۆ بکەوێتە حاڵەتی تەنگاوتوێلکەی، چین بەمەرج ئامادەیە هاوپشتی لە هێندێك بواردا بکات، کە ئەوەش خاڵی لاوازی ئەو دوو دۆستە خوێن شیرینەی حکوومەتی ئاخوندی ئێرانە و لێرەدا بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری و سەربازی لەسەر یەکلاییکردنەوەی باڵانسی هێز بڕیار دەدات.

هەربۆیەش ڕووسیە وەك جەمسەرێکی بەهێز، ئەگەر بێت و چینی لەپشت نەبێت، بەتەنیا ناتوانێ دەرەقەتی پێگە و نفووز و هێزی سیاسی و ئابووری ئەمریکا و ڕۆژئاوا بگرێ و بە گەمارۆدرانی ئابووری توشی قەیرانی گەورەی نێوخۆیی دەکەنەوە و سیاسەتی پۆتین زیاتر پشتی بە کەللەڕەقی و بێ باکی بەستووە و ئەگەر وەزیری دەرەوە هێندێك جار کێشەکان چارەسەر نەکات، ڕووسیە بە دەردی ڕابردووی خۆی دەچێتەوە.

تارانیش بە دۆخێکی خراپدا گوزەر دەکات و سەرەڕای چاوەڕوانی حکوومەتی ئاخوندی سەبارەت بە دەوری هەشتەمی وتووێژەکانی ڤییەن بە هۆی کەللەڕەقی و سیاسەتی شەڕانگێزانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاگیراون و ئەمریکا و وڵاتانی ئۆرووپایی بەو ئاکامەی گەیشتوون کە دەسەڵاتی تاران نیازی هاتنە بەرباری نییە و هەر وەك ڕابردوو هەوڵ دەدات کات بەفیڕۆ بدات.

# کۆڵبەری، سیاسەتی سیستماتیکی کۆماری ئیسلامی بۆ کوشتنی کورد و هەژارکردنیەتی



**ئەلبور ڕۆئین تەن**

تێڕوانینی ئەمنیەتی و ترس لە خەباتی ئازادیخوازی کورد وایکردووە دەوڵەتی ناوەندی زاڵ بەسەر ئێران بەشێوەی سیستماتیک سیاسەتە فاشیستییەکانی کە دەکەوێتە خانەی سیاسەتی داگیرکەرانە لە کوردستان، بە کار بهێنێت. سیاسەتی داگیرکەرانە تەنیا بە سەرکوتی نەتەوەی کورد و زەوتکردنی مافەکانی و لێئەستاندنەوەی ئازادی کورت نەکراوەتەوە بەڵکوو لە هەمان کاتدا کەرامەتی تاکی کوردیش پێشێل کراوە.

لە درێژەی ئەو سیاسەتە فاشیستیانە، دەوڵەتی ناوەندی تەنیا خۆی لە سەرکوت و شەڕی گەرم واتە کوشتن و لەنێوبردنی ڕۆڵەی ئازادیخوازی کورد نابینێتەوە، بەڵکوو هەموو لایەنەکانی ژیان لە خۆ دەگرێتەوە.

لەلایەک تۆپ و تانک و فڕۆکە و زیندان و ئەشکەنجە و ژینوساید، لەلایەکی دیکەوە شەڕی نەرمی سڕینەوەی هەموو هێما و شوناسی نەتەوایەتی و ئاسیمیلەکردنی نەتەوەیەک تەنانەت لە زێدی خۆیدا، بەرهەمی ژوورە فکرییەکانی ڕێژیمی داگیرکەر و دیکتاتۆرن بۆ ئەوەی پێش بە پەرەگرتنی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەی کورد بگیرێت.

ڕێژیمی داگیرکەر بۆ ئەوەی بتوانێ ئەو ئامانجانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا بە باشی بپێکێ هەوڵی تێکدانی باری ئابووریی کوردستان دەدات تا بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە.

بە پێچەوانەی فەلسەفەی هەموو دەوڵەتێکی دێموکراتیک و پێشکەوتوو کە ئابوورییەکی پڕ لە گەندەڵییە کە تاقمی دەسەڵاتدار پێی دەوڵەمەند و دەوڵەمەندتر دەبن و ڕێژەی زۆرینەی خەڵکیش هەژار و هەژارتر.

بەرهەمی ئەو تێڕوانینە بۆ ئابووریی وڵات لە ئامارەکانی بازرگانی نایاسایی لە کۆماری ئیسلامی میلیاردها دۆلارە، واتە یەک لە سەر سێ یا چواری هەموو ئەو بازرگانییەی کە بە شێوەیەکی یاسایی دەکرێت؛ ئەو ڕێژەیە ڕێژەیەکی بەرزە کە وێڕای ئەو سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی بۆ چەوساندنەوەی خەڵک لە هەمان کاتدا دابینکردنی بەرژەوەندی تاقمی دەسەڵاتدار و ناوەندە گەندەڵ و ڕانتخۆرەکانی وەک سوپای پاسدارانی لێدەکەوێتەوە.

ئەگەر ئەو ڕاستییە وەک پێداویستییەکی ڕێژیم لە ناوچە فارسنشینەکان سەیر بکرێت، لە جوغرافیای نەتەوەکانی دیکە و بەتایبەتی کوردستان هەوڵێکی سیستماتیکە.

چونکە لە ئاکامی ئەو سیاسەتە سیستماتیکەیە کە کوردستان وێڕای هەموو دەرفەت و دەوڵەمەندییەکانی بەبەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ئێران، لە ڕووی هەژاری و بێکاری و هەڵاوسانەوە لە پلەی یەکەمدایە.

ئەگەر سیاسەتێکی دیاریکراوی ڕێژیم بۆ تاڵانکردنی کوردستان و دروستکردنی هەژاری نەبێ، بەو دەوڵەمەندییەوە کە کوردستان هەیەتی، ئەو هەژارییە بەرهەم نایەت.

ئەم ڕاستییە تەنانەت لە ئامارە ڕاگەیەندراوەکانی ڕێژیم بە جۆرێکی ڕوون و ئاشکرا خۆی دەنوێنێ .

کۆڵبەری لە سنورە دەستکردەکان یەکێک لە سیاسەتە هەر دیارەکانی کۆماری ئیسلامییە کە بە شێوەیەکی کە ببێتە هۆکارێک بۆ کێبەرکێ لەگەڵ بەرهەمی ناوخۆیی کە ڕێژەی بەرهەمهێنانی نێوخۆییش بەرز ببێتەوە کە نیشانەی پەرەی ئابووری هەر وڵاتێکە چارەسەر بکرێت.

بەڵام پێشکەوتنی ئابووری و نەهێشتنی هەژاری لە قاموسی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتی لە جوغرافیای کوردستاندا جێگەی نابێتەوە، هەر ئەوەش بەرهەمهێنەری دیاردەیەکی ماڵوێرانکەری وەک کۆڵبەرییە.

تراژێدیایی کۆڵبەری تەنیا لە هەژاریی خەڵک کۆتایی پێ نایێت، یا قورسایی ئەم ژیانە تەنیا ئەو بارە زۆرە نییە کە لە ناوچەی شاخاوی کوردستان بە سەر شاندا دەگوازرێتەوە، بەڵکوو ڕووی ڕاستەقینەی ئەو تراژێدیایە کاتێک دەردەکەوێ کە ڕۆژانە ئەو کۆڵبەرانە دەکرێنە ئامانجی گوللە و دەکوژرێن و بریندار دەکرێن، ئەگەر زۆر بەختەوەر بن دەگیرێن و لە زیندان دەخرێن و سزا دەدرێن. ئەگەر لە هەمووی ئەوانەش ڕزگار بن، سروشتی کوردستانیش بە تایبەتی لە زستاندا گورزی خۆی دەوەشێنێ.

ئێمەی کورد ڕۆژانە هەواڵی کوشتن یا گیان لە دەستدانی خەڵکی کوردستان وەک هەواڵێکی ئاسایی دەبیستین، هەر وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت، ئەو بە ئاساییکردنەوەی کوشتنی کورد خۆی لە خۆیدا تراژێدیایەکە کە کەم نەتەوە تا ئەو ڕێژەیە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی بە خۆیەوە دیتویەتی، چونکە لە دونیای ئێستادا کە هەڵەیەکی بچوک تەنانەت ئەگەر زیانی گیانیشی لێنەکەوێتەوە دەبێتە هۆی وەرگرتنەوەی متمانە لە حکومەتەکان بەڵام لە کۆماری ئیسلامیدا ڕووتینێکی ڕۆژانەیە.

پارە لە کۆڵبەر وەربگیرێت، بەڵام بەو حاڵەشەوە دەخرێتە بە دەستڕێژی گوللە کە ئەو کارە دەکات.

سەرباری هەموو ئەوانەش لە گاڵتەجارییەکدا لە بە ناو مەجلیسی شۆرای ئیسلامی باسی بیمەکردنی کۆڵبەران دەکرێت! باشە ئەگەر نایاساییە چۆن باسی بیمەکردنی دەکرێت و ئەگەریش یاساییە بۆ سەدان کەس دەکوژرێن و بریندار دەکرێن.

ئەم پارادۆکسانە بە شێوەیەکی کوتوپڕ و لەناکاو دروست نابن بەڵکوو بەرهەمی ئەو سیاسەتەیە کە دەبێ کەرامەتی تاکی کورد پێشێل بکرێت.

واتە تاڵانکردنی کوردستان و دزینی هەموو دەوڵەمەندییەکانی تەنانەت گواستنەوەی ناوی کوردستان بە شێوەیەک کە زیان بە کوردستان بگات، کۆتایی سیاسەتی سیستماتیکی فاشیستییانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان نییە، بەڵکوو سەرەڕای ئەوەش دەبێ بە شێوازی جیاجیا و بە بیانووی دەستکرد بکرێنە ئامانجی گوللە و بکوژرێن.

ئەمە تەنیا بەشێکی کورتی تابلۆی تراژێدیای کۆڵبەرییە، چونکە هەموو ئازارەکان تەنیا بۆ تاکی کۆڵبەر نییە بەڵکوو هەر کۆڵبەرێکیش بنەماڵەیەکی هەیە کە بە نەمانی کۆڵبەرەکەیان ژیانیان بە واتای جیاواز لێ دەستێندرێ.

کورد و کوردستان شایستەی تابلۆی لەو شێوەیە نین، هەربۆیەش بیرکردنەوە بۆ نەهێشتنی ئەو دیاردەیە و سەدان دیاردەی دیکە کە لە ژوورە فیکرییەکانی داگیرکەر بۆ چەوساندنەوەی زیاتری نەتەوەی کورد دادەڕێژرێت ئەرکی هەموو تاکێکی کورد و بەتایبەتی کوڵبەرانە.

**تاڵانکردنی کوردستان و دزینی هەموو دەوڵەمەندییەکانی تەنانەت گواستنەوەی ناوی کوردستان بە شێوەیەک کە زیان بە کوردستان بگات، کۆتایی سیاسەتی سیستماتیکی فاشیستییانەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان نییە، بەڵکوو سەرەڕای ئەوەش دەبێ بە شێوازی جیاجیا و بە بیانووی دەستکرد بکرێنە ئامانجی گوللە و بکوژرێن**

لە سەرەتی کاری خۆیدا خۆشگوزەرانی و خزمەتگوزاری و پاراستنی بەرژەوەندی خەڵک دادەنێ کۆماری ئیسلامی هەژاری و دواکەوتوویی و هەبوونی سەدان قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی خەڵک بە دەرفەتێکی گەورە بۆ بەردەوامی دەسەڵاتی خۆی دەزانێ.

هەر بۆیەش هیچ هەوڵێک یا سیاسەتێکی ڕوونی ئابووری کە بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی ئابووریی وڵات بێت لە بەڕێوەبەرانی ڕێژیم بەدی ناکرێت.

سەرەڕای ئەوەش ئەوەی کە لە بەرنامەی ڕێژیمدا بە ڕوونی دەردەکەوێ سیستماتیک لەلایەن ڕێژیمەوە بۆ زیاتر چەوساندنەوەی خەڵک دروست بووە.

چونکە گواستنەوەی بەشێکی پێداویستی بازاڕی نێوخۆی وڵاتێکی گەورەی وەک ئێران لە ڕێگەی کۆڵبەرییەوە دابین دەکرێت.

ئەگەر ئەو سیاسەتە سیستماتیکەی کۆماری ئیسلامی بۆ پەرەپێدانی هەژاری و بێکاری و لەئاکامیدا کۆڵبەری داڕێژراو و لەپێشدادیاریکراو نەبێت، دەکرێ زۆر بە ئاسانی لە ڕێگەی دەروازە سنورییەکان بە دیاریکردنی گومرکی دیاریکراوەوە بە جورێک هەموو ئەو بەرپرسانەی کۆماری ئیسلامی کە کۆڵبەران دەکەنە ئامانج، بەشێکن لەو سیستمەی کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دیاردەی کۆڵبەرییان بۆ زیاتر هەژارکردنی خەڵک دروست کردووە؛ واتە لە لایەک بەو سیستمە ئابوورییە بەستێنی کۆڵبەری دروست دەکەن و لە لایەکی دیکەوە کۆڵبەر دەکوژن چونکە کۆڵبەری دەکات.

تەنانەت بۆ ئەوەی کۆڵبەری بکرێت دەبێ کارتێکی دیاریکراوت هەبێ کە پێی دەڵێن کارتی پیلەوەری، بۆ وەرگرتنی ئەو کارتەش دەبێ بڕێک

تەنیا ڕێگەی سڕینەوەی ئەو تابلۆیانەش ڕاسانەوەیە لە بەرانبەر ئەو ڕێژیمەی کە کۆڵبەری دروست دەکات تا کۆلبەر بکوژێت و خۆی سودەکەی ببات.

تا ئەو کاتەی کە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکان بە مەبەستی سەرکوتی خەباتی ڕەوای گەلی کورد سیاسەتی داگیرکەرانەی خۆیان لە کوردستان بەڕێوە ببەن و ئازادی نەتەوەی کورد زەوت دەکەن، لە ئاکامی ئەو زەوتکردنەشدا کەرامەتی مرۆڤی کورد پێشێل دەکەن.

ئەو ژەمانەی کە سەرەتاییترین پێداویستی ژیان هەژمار دەکرێ بە نرخی ژیان بە دەست دەهێندرێت.

**ویستگە**

## شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ژنان چی بە دواوە بوو؟!



**نووسین: هێمۆ**

لە ٢٢ی ڕێبەندانی ئەمساڵدا، ٤٣ ساڵ بە سەر تەمەنی نگریسی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا تێدەپەڕێت، تەمەنێک کە سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکان، ئەگەر بوترێ زیاترین نەهامەتی و چارەڕەشیی بۆ ژنان بە دواوە بووە، هەڵە نەوتراوە.

ماوەیەک پاش هاتنە سەرکاری دەسەڵاتی ئاخوندی، یەکەمین وتەکان سەبارەت بە پێویستیی ڕەچاوکردنی پۆششی ئیسلامی بۆ ژنان لە ئێراندا، لە مانگی ڕەشەمەی ٥٧دا هاتوونەتە ئاراوە.

خومەینی وەک ڕێبەری ئەوکاتی ڕێژیمی ئێران پاش بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات وتی: «ژنانی ئیسلامی دەبێ بە حیجابی ئیسلامییەوە بێنە دەرەوە نە ئەوەی کە خۆیان بڕازێننەوە. کار لە ئیدارەکاندا قەدەغە نییە بەڵام ژنان دەبێ حیجابی ئیسلامییان هەبێت. ڕاپۆرتیان بە من داوە کە لە هەندێک لە وەزارەتخانەکاندا ژنی ڕووت هەیە و ئەمە لەگەڵ شەرعدا دژایەتی هەیە. ژنانی ئیسلامی بووکەڵە نین و دەبێ کارکردنیان بە حیجابی ئیسلامییەوە بێت» و ئەمەش بوو بە سەرەتایەک بۆ چەوساندنەوە و شاردنەوەی ژنان لە ژێر چەپۆکی حیجابی ئیسلامیدا!

بەڵام ئەم سەپاندنی حیجابە ئەوەندەش بۆ دەسەڵات ئاسان نەبوو، ژنان کۆبوونەوەی نارەزایەتییان بەڕێوەبرد و خۆپیشاندانیان کرد، لە دادگوستەریی تاراندا، بە دژی حیجابی زۆرەملێ کۆبوونەوەی ئێعترازییان پێک هێنا، لە ٢٢ی ڕەشەمەدا، بەمەبەستی دژایەتی لەگەڵ حیجابی زۆرەملێ لە زانکۆی تاراندا کۆبوونەوە تا ئەوەی کە بە فەرمی لە ١٤ی پووشپەڕی ١٣٥٩دا ڕۆیشتنی ژنان بۆ نێو ئیدارە دەوڵەتییەکانیش قەدەغە کرا و لە سەرەتاکانی دەیەی ٦٠ی هەتاویدا ڕەچاوکردنی حیجاب و پۆششی ئیسلامی لە ئێراندا، گشتگیر کرایەوە.

ئەمە هەنگاوی سەرەتایی بۆ بە کۆیلەکردنی ژنان بوو، زۆر جار هەیە ژنانی نێو دەسەڵاتی ئاخوندیی کۆماری ئیسلامی ئاگاهانە و بۆ چەواشەکردنی ڕاستییەکان باس لە دەسکەوتە باشەکانی ئەم ڕێژیمە بۆ ژنان دەکەن، بەڵام بەڕاستی دەسکەوتەکان کامەن؟ ئایا ئەم ڕێژیمە هیچ دەسکەوتێکی بۆ خەڵکانی ئێران بە گشتی و بەتایبەتیش بۆ ژنان هەبووە؟

هەر لە سەرەتاکانی بە دەسەڵات گەیشتنی ئاخوندەکانەوە، ژنان لە مافی ئینسانیی خۆیان بێبەری بوون، پێناسەکان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بۆ ژنان قورستر و سنووردارتر کرانەوە، ژنان بوون بە کاڵایەکی سێکسی بۆ چێژوەرگرتنی پیاوانی دەسەڵاتدار و بە پەرەپێدانی بیرۆکەی پیاوسالاری و ئەو فکریەتەی کە ژن دەبێ بە دڵخوازی پیاوەکەی هەڵسوکەوت بکات، سنوورەکان بۆ بەکۆیلەکردنی ژنان داڕێژران.

لە ماوەی ٤٣ ساڵ دەسەڵاتدارێتی ڕێژیمی ئاخوندیدا، ژنان هیچ مافێکی ئینسانییان بۆ ڕەچاو نەکراوە، بەپێی یاسای بنەڕەتی ناتوانن لە پۆستی ڕێبەری و سەرکۆماریدا خۆیان ببیننەوە چونکە ئەوان نیوەی پیاون، ناتوانن دادوەر بن چونکە ژنبوون و هەستی ناسکی ژنانەیان وەکوو لاوازی پێناسە کراوە. لە هەموو یاساکانی کۆماری ئیسلامیدا ژنان توندترین نادادپەروەرییان بەرەوڕوو بووەتەوە و لەم ڕێگایەوە توندوتیژی و نایەکسانیی سیستماتیک بە نیسبەت ژنان پەرەی پێ دراوە. ژنان مافی جیابوونەوەیان پێ نادرێ، بۆ سەفەرێکی یەک کاتژمێریش دەبێ ئیزنی باوک و هاوسەر وەربگرن، بە بێ خواستی پیاوان ناتوانن درێژە بە خوێندن بدەن، ناتوانن پاش جیابوونەوە منداڵەکەیان لە پەنا خۆیان ڕابگرن، شاهێدییان بە نیوەی پیاو وەردەگیرێ، نیوەی براکەیان میرات دەبەن، ئەگەر بە دەستی پیاوێک بکوژرێن دەبێ بۆ قەساسی پیاوەکە بنەماڵەکەیان نیوەی دیەی مرۆڤێک پارە بدات و زۆر شتی دیکە.

بەڵام هاوکات لەگەڵ درێژبوونەوەی تەمەنی ئەم دەسەڵاتە، ستەمەکانیش بەرانبەر بە ژنان گۆڕانیان بە سەردا هاتووە، ئێستا ژنان بە ئاسانی لە بەند دەکرێن و لەلایەن زیندانبان و بازپۆرس و تەنانەت دادوەری بەناو دادگاکانیشەوە دەستدرێژی دەکرێتە سەریان.

ئەمانە و بە دەیان ڕاستیی دیکە لەو خێر و بەرەکەتانەن کە پاش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ژنان بە دیاری هێنران.

ژنانی سەر بە نەتەوە بندەستەکانیش کە ئیدی مێژوو شاهێدییەکی ڕوون و ئاشکرایان بۆ دەدات کە چۆن بە دەستی ئەم دەسەڵاتە خوێنمژە چەوساونەتەوە و مافی ئینسانی و نەتەوەییشیان پێشێل دەکرێت.

لەڕاستیدا نزیک بە ٤٣ ساڵە کە ئاخوندەکانی ڕێژیم جەهەندەمێک لە نایەکسانی، نادادپەروەری، ستەمی ڕەگەزی، هەڵاواردن، پەراوێزخستن، بێبایەخکردن و نامرۆڤبوونیان بۆ ژنان درووست کردووە.

سەرەڕای ئەوەیکە لە سەردەمی شۆڕشی ٥٧دا ژنان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو و ئەوانیش بەهیوای سەربەستی و ژیانێکی ئاسوودە بوون بەڵام لەڕاستیدا بە تاڵانبردنی دەسکەوتەکانی شۆڕش و بەگشتی شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ژنان هیچی بە دواوە نەبوو!

ئەوەی کە هەبوو، نەهامەتی و دواکەوتوویی بوو، ژنان زیاتر لە پێشکەوتن و سەرکەوتن دوور کەوتنەوە، هەر ئەم دواکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵگاش بەرەوپێشچوون بە خۆیەوە نەبینێت و دۆخی ئێستا بەرۆکی خەڵک بگرێت.

کەوابوو شۆڕشی گەلانی ئێران بۆ ژنایش نەک تەنیا هیچ شتێکی باشی پێ نەبوو بەڵکوو هۆکاری سەرەکی دواکەوتوویی و چەوسانەوەی زیاتریان بوو.

# گەمارۆ ئابوورییەکان توانای چارەسەرکردنی ئاریشەکانیان نییە




**زاگرۆس**

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە کۆکردنەوەی دە ئەندام لە کۆی پازدە ئەندامی شۆڕای تەناهی نەتەوە یەکگرتووەکان دواجار توانی کێشەی ئۆکڕاین بەرێتە شۆڕای ئەمنیەت و وەک جەو بایدن سەرکۆماری ئەم وڵاتە ڕایگەیاند هەوڵی ئەوە بدات کە ئاریشەی نێوان جەمسەری ڕۆژاوا لەلایەک و ڕووسیە بە هاوپەیمانی کاتی لەگەڵ چین لە جەمسەرەکەی دیکەدا بە شێوازی دێمۆکراسییانە چارەسەر بکات.
ئاریشەی ئۆکڕاین دوای ئەوە هاتە ڕۆژەڤی باسە سیاسییەکانی دنیاوە کە بەوتەی ئەمریکا و هاوپەیمانانی دەسەڵاتی ڕووسیە سەد هەزار سەربازی ڕەوانەی سنوورەکانی ئۆکڕاین کردووە و هەردەم ئامادەیە وەک چۆن لە ساڵی ٢٠١٤دا سەرەڕای نارەزایەتییە جەهانییەکان دەستی بەسەر دوورگەی کریمەدا گرت، هێرش بکاتە سەر ئۆکڕاین و دەسەڵاتێکی لایەنگری خۆی لەو وڵاتەدا بێنێتە سەرکار. نوێنەری ڕووسیە لە شۆڕای تەناهی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ئەم ئیدیعای ئەمریکا و هاوپەیمانانی ڕەد کردەوە و وڵاتەکەی بە نووسراوە داوای لە ناتۆ و ئەمریکا و یەکیەتیی ئورووپا کردووە کە وڵاتی ئۆکڕاین وەک ئەندامی ناتۆ قەبووڵ نەکەن و گرێبەستی سەربازی ناتۆ بەرەو ڕۆژهەڵات پێشڕەوی نەکات و تەواوی ئەو هێزە سەربازییانەش کە پاش ١٩٩٧ لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ئورووپادا جێگیر کراون پاشەکشەیان پێ بکرێت.
ڕووسیە وەک ڕێبەری جەمسەرێکی جیهانی لە ڕابردوویەکی نەک زۆر دووریشدا پاش بە دەسەڵات گەیشتنی وێلادمیر پوتین هەوڵی ئەوەی داوە کە وەک ڕابردوو بە وێنەی هێزێکی جیهانی و هاوتەریب لەگەڵ ئەمریکا بەشداری یارییە جیهانییەکان بکات؛ لەم پەیوەندییەدا سێرگی لاورۆڤ ڕایگەیاندووە: ئێمە خوازیاری پەیوەندی دۆستانە، هاوسانی ماف و ڕێز لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاین. هەروەها بەرپرسانی ڕووسی هەڕەشەی ئەوەیان کردووە کە لە دژکردەوەی هێنانی هێزی زیاتر بۆ ئەو ناوچانەی ئاماژەمان پێکرد ئەوانیش هێزی سەربازی ڕەوانەی وڵاتانی کوبا و ڤێنزوئێلا لە دراوسێیەتی ئەمریکادا دەکەن. پاڕلمانی ئۆکڕاین ساڵی ٢٠١٤ی زایینی گەڵاڵەی پەیوەستبوونی بە هاوپەیمانی ناتۆ پەسەند کردووە و تا هەنووکە ناتۆ بەهۆی دژایەتی ڕووسیە و ناکۆکی بەرژەوەندی وڵاتانی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە نەیتوانیوە ئەم داواکارییەی ئۆکڕاین بخاتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە دوایین لێدوانیدا سەرۆکی ناتۆ ڕایگەیاند کە تەنانەت لە ئەگەری هێرشی ڕووسیەشدا بۆ سەر ئۆکڕاین، هێزەکانی ناتۆ لە باری سەربازییەوە دەستێوەردان ناکەن و ئەگەری ئەوەش کە ئەمریکا یان وڵاتانی دیکەی ڕۆژاوا لەهەمبەر ڕووسیەدا پەنا بەرنە بەر بەکارهێنانی هێز لە ئۆکڕاین و جوڵە بە هێزی سەربازی خۆیان بکەن یەکجار کەمە. بەشێک لە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ لە بەرانبەر ئەم کێشەدا تا هەنووکەش بێدەنگیان هەڵبژاردووە و سەرۆکی ئەمریکا و ئینگلیس و تەنانەت ناتۆش وەک باسی لێدەکەن پلانیان لەهەمبەر ئەگەری هێرشی ڕووسیەدا، تەنیا بابەتی دووپاتکراوە و چەندپاتەکراوەی گەمارۆی ئابوورییە.
پلانی گەمارۆی ئابووری لە ساڵانی ڕابردوودا لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانانی بە شێوازێکی بەرچاو و بەرفراوانتر لە ڕابردوو تاقی کراوەتەوە و تەنیا بە سەرنجدان بە سێ ئەزموونی ئێران،سووریە و ڤێنزۆئێلا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە دنیای بەرژەوەندییە ناتەباکانی پێنج ئەندامی هەمیشەی شۆڕای تەناهی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕەچاوکردنی ئەم سیاسەتە بە تەنیا خۆی ناتوانێ دەسەڵاتە ملهۆڕەکان ناچار بە گۆڕینی هەڵوێستەکانیان یان پلانەکانیان بکات، لە قەیرانی سووریەدا بە ملوێنان خەڵکی مەدەنی کوژران و لە زێدی خۆیان ئاوارە بوون و چەندین بڕیارنامە دژی دەسەڵاتی ئەسەد لە لایەن شۆڕای تەناهی نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەم پەیوەندییە دەرکرا و گەمارۆی ئابووری خرایە سەر ئەم وڵاتە بەڵام هەنووکە و پاش ئەم ڕووبارە لە ڕژانی خوێنی کەسانی بێتاوان، بەشارئەسەد بە پاڵپشتی ڕووسیە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ وڵاتانی ناوچە و جیهانیش خەریکە پەیوەندییەکانی ئاسایی دەبنەوە.
لە ئێران و ڤێنزۆئێلایش گەمارۆ ئابوورییەکان نەبوونەتە هۆی گۆڕانی دەسەڵاتە خوێنڕێژەکانیان و بە یارمەتی وڵاتانی چین و ڕووسیەش کاریگەری گەمارۆ ئابوورییەکانیش کەم و کەمتر دەبنەوە و لەڕاستیدا پشتیوانی سەربازی ڕووسیە و هێزی سەرکوتی ئەم وڵاتانەیە کە تا هەنووکە بە سەر گەمارۆ ئابوورییەکاندا زاڵ بووە یان بەواتایەک دەسەڵاتە سەرەڕۆکانی پاراستووە.
کەتواری جێگەی سەرنج ئەوەیە کە ڕووسیە نەک بە ڕێژەی ئەمریکا، بەڵکوو داهاتە ئابوورییەکەی لە وڵاتانی ئاڵمان، فەڕانسە و ئینگلیسیش کەمترە و ئەگەر هێرش بکاتە سەر ئۆکڕاین یان ناتۆ ناچار بە قەبووڵکردنی داخوازییەکانی بکات لە ڕابردوو زیاتر ناکارامەیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەردەکەوێ و ئەو ڕاستییە جارێکی دیکە زەق دەبێتەوە کە هێزی سەربازی بە ڕێژەیەکی بەرچاو ڕێڕەوی هێزی ئابووریش دیاری دەکات و ئەم لۆژیکە خەریکە دەبێتە عۆرفێکی نێونەتەوەیی.
وەک لێپرسراوی گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لە وتووێژێکدا لەمەڕ دۆخی سووریە ڕایگەیاند: کاریگەری ڕووسیە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بەرەو هەڵکشان دەچێت و پەرەگرتنی ئەم کاریگەرییە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و گشت دنیا لە کاتێکدایە وەک باسمان کرد بەبەراورد لەگەڵ ڕکەبەرەکانی خاوەن ئابوورییەکی لاوازە و چەندین گەمارۆی ئابووری و هەڕەشەی گەمارۆی زیاتر کاریگەری ئەوتۆی لەسەر پلانەکانی دانەناوە.
هەنووکە ئێمە شاهیدی دنیای دووجەمسەری لە بواری سەربازییەوەین؛ لە نێوان ڕووسیە و ئەمریکادا و جیهان لەم پەیوەندییەدا گەڕاوەتەوە بۆ بەر لە ڕووخانی جەمسەری خۆرهەڵات بەڵام بە یەک جیاوازی مەزنەوە، ئەویش ئیتر جەمسەرەکانی هێز وەک ڕابردوو ناتوانن خەڵک بە دروشمی هێنانی دێموکراسی یان دادپەروەری کۆمەڵایەتی بخاپێنن، پردەکە کەوتووەتە خوار و ڕووی ڕاستەقینەی هەموان دەرکەوتووە و تەکوزی جیهانی پێویستی بە ڕێکخراوە و یاسا و دادگای سەربەخۆیە کە بڕیارەکانی لەلایەن ڕێکخراوەیەکی دنیاگرەوە جێبەجێ بکرێت و مافەکانی مرۆڤ نەک بەرژەوندی و قازانجی دەسەڵاتەکان ڕێنیشاندەری بێت، تەنیا لە دۆخێکی لەم چەشنەدایە کە ئاشتی و پێکەوەژیانێکی ڕێژەیی دەتوانێ باڵ بەسەر خەڵکانی گۆی زەویدا بکێشێت و دوارۆژێکی کەمتر ئاریشەدار مسۆگەر بکات، هەر بۆیە و تا ڕۆژی بەدیهاتنی سیستمێکی لەم چەشنە هێزی سەربازی بەپلەی یەکەم ڕێڕەوی ئاڵوگۆڕەکان دیاری دەکات و ئەوەی هەوڵی بەهێزکردنی خۆی نەدات بەتایبەت لە بواری سەربازی و ئابوورییەوە سەری بێکڵاو دەمێنێتەوە.

# ناوەندی تەسک و پەراوێزی پەرتەوازە

**هیوا خانی**

کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ وەک ناوەندی دەسەڵتداری هێژمۆنی خۆی بە سەر گەلانی ئێراندا داسەپاندووە و وەک مۆتەکەیەک بەربینگی خەڵکی ئێرانی گرتووە و بەری نادا. لە هەموو لایەکەوە فشار و زەخت و زۆریان بۆ دێنێ و هەموو ئازادی و ماف و داهات و بژیوی ژیانی لێ ئەستاندوونە. ئێستا بە ڕاشکاوی دەتوانین بڵێین کە نیوەی خەڵکی ئێران لە خوار هێڵی هەژاریدان!
هۆی ئەو زەخت و زۆر و خۆسەپاندن و نان برینەی خەڵک لەلایەن ڕێژیمەوە لە پێش هەموو شتێک بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەو ڕێژیمە تۆتالیتێر و ئەو دیکتاتۆرەی سەدەی بیست و یەک حوکمی خۆی بە دەسەڵاتی خودا لەسەر زەوی دادەنێ و پاشان بۆ ئەو خۆبڵاوکردنەوە لە ناوچە و هەناردەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە کە لە چەندین وڵاتی ناوچە و دنیادا بەکرێگیراو و جیرەخۆر و خۆفرۆشی هەیە کە تێچوویەکی زۆریان لە سەر دەستی داناوە پرسێکی ئاسایی و تەنانەت پیرۆزە!
هەرچەند قەرینەکان وا نیشان دەدەن کە هەرچەند ئەو ئامانجەی لەو هێزانە چاوەڕوان دەکرا بۆیان وەدی نەهاتووە بەڵام هەر پێداگری لەسەر مانەوەیان دەکەن. ئەوەش دوو هۆی هەیە: یان لە قسەی خۆیاندا ماونەتەوە وەک کورد دەڵێ: «سواری عەیبێکە و دابەزینیش عەیبێک! « یان سەریان وەبەردی ئەلحەدێ نەکەوتووە.
یان لانیکەم بۆ خۆیان هێشتا هەستیان بەوە نەکردووە کە سەریان وێکەوتووە بەڵام کوا بەڕاستی ئەوانە گوێیان بەو شتانە دەبزوێ!! هەتا ئاویان لە دووی دەستی بڕوا هەوڵی خۆیان هەر دەدەن.
ئەمڕۆ ئەگەر چاوێک بە دۆخی دەسەڵاتی مەلایان لە ئێراندا بگێڕین بۆمان دەردەکەوێ کە ئەوەی دەسەڵاتی بە دەستە و ئێران هەڵدەسووڕێنێ، جغزێکی بەرتەسکی دەوری خامنەییە.
یانی دەسەڵات کە هەتا دوێنێ لە چەند جغزی تێکچڕژاوی خۆمانەییان پێکهاتبوو، بە تێپەڕینی ڕەوتی زەمان یەک بە دوای یەک ئەو قفڵ و جغزانە قرتان و دورخرانەوە.
ڕیفۆرمخوازەکانیش کە لە بڕگەیەکی زەمەنیدا وەک (سوپاپی ئەمنی) کەڵکیان لێوەرگرتن ئەمڕۆ ئاشی دەسەڵاتی تۆتالیتێری ئاخوندان ئەوانیشی دوور هەڵداشتووە.
ئێستا دەسەڵات بۆ خامنەیی و دەست و پەیوەندەکانی قۆرغ کراوە و هەموو جمگەکانی دەسەڵات لە ژێر سێبەری نەحسی ویلایەت و ڕێبەری ئەودا بەڕێوە دەچێ.
بچوکبوونەوەی ناوەندی دەسەڵات وایکردووە پەراوێز و حاشیەیەکی ڕەخنەگر و دژبەر و زەبەلاح لە خەڵک و ڕێکخراوە سیاسی و مەدەنییەکان سەرهەڵبدا.
ئەو پەراوێزە هەر چەند گەورەیە، بەڵام ئەوەندەش پەرتەوازەیە.
لە سەر ئەو پەرتەوازەییەش دیسان ڕەوتی بەرەو ناوەند چوونی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ بەرەو پێش دەچێ.
لەگەڵ ئەو دابڕان و پەرتەوازەیەش مایە و هەوێنی خاڵێکی هاوبەش لەئارادایە؛ ئەویش نەهێشتنی دەسەڵاتی نەحسی ئاخوندانە.
دیارە خەڵکی نارازی تەنیا ئامانجی ڕزگاری لە دیکتاتۆرە بەڵام ئەحزابی سیاسی ئامانجیان تەنیا ڕزگاری لە دەست دیکتاتۆر نییە بەڵکو ئامانجی دوارۆژ و دوای ڕوخانی دیکتاتۆریشیان بۆ خەڵکی لەبەر چاوە. ئەو پەرتەوازەییەش دیارە هۆکاری خۆی هەیە لە جیاوازی بیرورا و بەرنامەی کاری و ئامانجی دوارۆژ و شێوەی بەڕێوەبردنی وڵات پاش نەمانی دیکتاتۆر و هەتا دەهۆ و سیاسەتی چەوت و چەپەڵەکانی ڕێژیم بۆ دوورخستنەوەی ئۆپۆزیسیۆن و کەسانی لێهاتوو و کاریزما بە شێوەی قەتڵە زنجیرەییەکان، ترس و تۆقاندن و تیرۆر و (حەزفی فیزیکی) و تەماح وەبەرنان و کڕین و فرۆشتنی کەسایەتییەکان سەرەکیترین هۆکارەکان بووە.
لەگەڵ ئەوەشدا دیسان ڕێژیم لەبەر هەبوونی ئەو ئۆپۆزیسیۆنە هەراسان و نیگەرانە، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێکرا ئەوەی لە دەستی بێت لە هیچ جینایەتێک دژ بە هەڵسووڕاوانی سیاسی دژبەری خۆی سڵ ناکاتەوە.
گەورەترین کاری دژبەرانی ڕێژیم لەقاودانی سیاسەتی چەپەڵی مەلایان و وەدرۆخستنەوەی حاکمانی دەسەڵاتدارە لە هەموو جمگەکانی دەسەڵاتدا. لە ڕێبەرییەوە بگرە هەتا کارمەندێکی پایە نزمی ئیدارەیەک.
کاری هەرەگرینگ و نالەباری ئەو ڕێژیمە، لە سەرووی هەموان پێبەندنەبوون بە یاسا و قانوونێکە کە بۆخۆیان دایان ناوە و پشتگوێ دەخرێ، یاسا و قانوونێک کە لە سەر فەقیر و هەژاران بەڕێوەی دەبەن و بۆ خاوەن زێڕ و زۆرداران چاوی لێدەنووقێنن! ڕۆژێک کەسکەی دەکەن و ڕۆژێک سوورکەی.
بۆ فریوی خەڵک هیچ پێیان عەیب نییە سەدان درۆی دەکەن! ئەگەر زۆر دوور نەڕۆین تەنیا نمونەیەک وەک بەڵگە بێنینەوە هەر ڕۆژی ٥/ ١١/ ١٤٠٠ سەرکۆمار کە لە دەنگوڕەنگی ڕێژیمەکەی ڕوو لە خەڵک قسەی دەکرد، لە بابەت دامەزراندنەکانی خزمان لە ئیدارە و وەزارەتەکاندا گوتی: «داوام کردووە ناوی پێنج کەس بهێنن کە بەهۆی خزمایەتییەوە دامەزرابێت هەتا منیش وەک بەرپرسی دەوڵەت بەدواداچوونی بۆ بکەم بەڵام گوتیان ڕاگەیەنە گشتییەکان بڵاویان کردۆتەوە ئێمەش بۆیە وامان گوتووە! ئێمە لەو دەوڵەتەدا کەسمان بە پاس نەهێناوە، پێوەری هەڵبژاردنەکانی ئێمە شایستەسالاری بووە نەک خزم و کەسێتی».
هەر پاش قسەکانی ڕەئیسی هەجمەیەکی زۆر لە سایت و تۆیە کۆمەڵایەتییەکان گەلێک باس و خواست هاتنە ئاراوە؛ گەلێک ناو ئاشکرا کران کە هەواڵنێرەکانی سەر بە دەنگوڕەنگی کۆماری ئیسلامی ئیزنیان نەبوو یان نەیانوێرا بیانورووژێنن. زۆر لە مێژە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەو شێوەیە خەڵکی ئێران چەواشە دەکەن و بە درۆ دە لانکێیان دەنێن.
کەچی ئەمڕۆ دەستیان لە لایەن خەڵکی ئێرانەوە کەشف بووە و خەنەیان ڕەنگی نەماوە هەر بۆیە دروشمی پێکهاتەشکێن دەدەن و ئەسڵی ویلایەتی فەقیهیان بە ئامانج گرتووە.
ئەوەی ڕاستی بێ ئەوە هەڵگەڕانەوەی پەراوێزە لە دەق و حاشییەیە لە ناوەند.
لە کوردستانیش خەنجەری گەیوەتە ئێسکی و خەڵک هەراسان و جارز بوونە. حیزب و سازمانە سیاسییەکان درێژە بە هەڵسووڕانی سیاسی خۆیان دەدەن و ڕاسانیش بە ناخی کۆمەڵگای کوردیدا دەچێتە خوار و لاوانی بەهەستی خۆی بۆ دوای ڕۆژی نەمانی دیکتاتۆر ڕێک دەخات و لەگەڵ نەتەوەکانی تری ئێران پلانڕێژی دەکەن بۆ ئێرانێکی دێموکراتیک و فیدراڵ کە ئازادی و دێموکراسی تێیدا سەروەر بێت.
دیارە نەتەوەی سەرکەوتوو هەمیشە خەمی دوارۆژی ڕوونی بۆ جیل و نەوەی داهاتوو لەبەر چاوە.
ڕوون ئاشکراشە کە ئێرانی سبەی ئێرانێکی دێموکراتیک دەبێ و مافی نەتەوەکانی ئێرانیش لەبەر چاو دەگیرێ، بەو کارەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەبەرچاویان گرتووە لە چوارچێوەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدراڵ شیمانەی دوارۆژێکی ڕوون بۆ کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران و خودی ئێران دەکرێ.
ئەگەر لەمبارەوە هەنگاوی بەکردەوە بۆ ڕێکخستنی گەورەترین کوتلەی ڕزگاریخوازی ئێرانی هەڵبهێندرێتەوە، دەتوانێ ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و شوێندانەر و جێگرەوە و جێی متمانە بۆ ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازانی ئێران و دەرەوە بێت و هێزی ڕاستەقینەی خەڵکی لەو پەرتەوازەییە ڕزگاری بێت.
پەراوێزی پەرتەوازە پەڕەوازە بێت و ناوەندی تەسککراوە بکاتە گۆڕەپانی باڵگرتنی ئازادی و دێموکراسی بۆ هەموو کەلێن و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە و ببێتە میوانی خوانی دیوەخانی هەموو تاکێکی ئەم جوغرافیایەی بە ئێران دەناسرێ.

**ئەگەر لەمبارەوە هەنگاوی بەکردەوە بۆ ڕێکخستنی گەورەترین کوتلەی ڕزگاریخواری ئێرانی هەڵبهێندرێتەوە، دەتوانێ ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز و شوێندانەر و جێگرەوە و جێی متمانە بۆ ئازادیخوازان و دێموکراسیخوازانی ئێران و دەرەوە بێت و هێزی ڕاستەقینەی خەڵکی لەو پەرتەوازەییە ڕزگاری بێت.
پەراوێزی پەرتەوازە پەڕەوازە بێت و ناوەندی تەسککراوە بکاتە گۆڕەپانی باڵگرتنی ئازادی و دێموکراسی بۆ هەموو کەلێن و کەلەبەرێکی ئەم وڵاتە و ببێتە میوانی خوانی دیوەخانی هەموو تاکێکی ئەم جوغرافیایەی بە ئێران دەناسرێ**

# کۆتاییهاتنی بێئاکامی دانیشتنەکانی ڤییەن و دووڕەدیمەنی ئێران

موعتەسەم نووورانی

هەر لە سەرەتای سازانی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی (بەرجام) لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا، لە نێو بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، دوو بۆچوون هەبوو؛ توندڕەوەکان، ئیبراهیمی ڕەئیسیش لەو نێوانەدا کە ئێستا سەرکۆمارە، هەر چەشنە دانوستاندنێکیان لەگەڵ ئامریکا ڕەد دەکردەوە، تەنانەت باڵی توندئاژۆ بەتوندی دژایەتیی ئەو ڕێککەوتنەیان دەکرد و دەیانگوت دەبێ بە چەشنی "ئیمام حوسێن" لە مەیداندا بین و بەدژی شەیتانی گەورە (ئامریکا) مقاومەت بکەین. بەشێکی دیکەش دەیانگوت دەبێ لە پێناوی بەرژەوەندی وڵاتدا، لەگەڵ ئامریکا بسازێین. وەک چۆن ئیمام حەسەن لەگەڵ یەزید سازا و ئاشتی کرد. کاتێک خامنەیی لە ژێر گوشاردا ناچار بوو بە ناوی "نەرمشی قارەمانانە" وە لە ساڵی ٢٠١٥ی زایینیدا، مل بۆ بەرجام ڕابکێشێ و لە ژێر ئەمر و بڕیاری ڕێبەردا، ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی لەگەڵ ئامریکا و وڵاتانی خاوەن بڕیار واژۆ کرا لە نێو ڕێژیمدا بۆ داپۆشینی ئەو پاشەکشە گەورە دەستیان کرد بە تەبلیغات و حەسەنی ڕووحانی سەرکۆماری ئەوکات، گوتی: " لە سەر داوای زۆربەی خەڵکی ئێران "ئیمام حەسەن" ئاشتی کرد و ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی واژۆ کرا."

لەکاتێکدا خولی هەشتەمی وتووێژەکانی ئێران و وڵاتانی خاوەن بڕیار لە ڤییەن بۆ زیندووکردنەوەی ڕێککەوتننامەی ئەتۆمیی ٢٠١٥ی زایینی، ناسراو بە بەرجام بەڕێوە دەچێ، وڵاتانی ڕۆژاوایی هەوڵ دەدەن بە ڕێککەوتنێکی شیاو، کۆتایی بە کارەکە بێنن و چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بەربەست بکەن بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ لەگەڵ بێهیوایی و کەندوکۆسپی زیاتر ڕووبەڕوو دەبنەوە. ئێران دەڵێ دەبێ ئامریکا گەمارۆ ئابوورییەکان هەڵبگرێ جا ئێمە چالاکییە ئەتۆمییەکانمان دەوەستێنین. دەردەکەوێ کە ئێران خەریکی کات کوشتنە و هەر ڕۆژەو بیانوویەک دەگرێ، بۆ ئەوە کە بەربەست بخاتە سەر ڕێگەی وتوویژکاران. ئەوەش ئەوە دەگەیەنێ کە ئێران بە بەردەوامی خەریکی پیتاندنی ئۆرانیۆمە و سانتریفیووژەکانی دەگۆڕێ و زیادیان دەکات. پسپۆڕانی چەکی ناوکی لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئێران خەریکی پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٩٠٪یە، تەنانەت ڕافایل گرۆسی بەڕێوەبەری ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆم دەڵێ ئێران لە پیتاندنی ئۆرانیۆمی ٩٠٪ نزیک بۆتەوە. کارناسان پێیان وایە ئەگەر ئێران ئۆرانیۆمی ٩٠٪ بەرهەم بێنی، دەستی دەگاتە سوتەمەنی پێوست بۆ دروست کردنی بۆمبی ئەتۆم.

وتووێژەکانی ڤییەن، بێ کەمترین دەسکەوت و پێشکەوتن بەردەوامە و لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا ئانتۆنی بلینکێن وەزیری کاروباری دەرەوەی ئامریکا گوتی ئێران کاتێکی کەمی لە بەردەستدا ماوە. لەلایەکی دیکەشەوە زیاتر لە ١٠٠ کەس لە پارلەمانتێرە کۆماریخوازە ئامریکاییەکان، نامەیەکیان بۆ جەوبایدن، سەرکۆماری ئامریکا نووسیوە سەبارەت بە هەڵوێستی نەرمی ئیدارەی نوێی ئامریکا نیسبەت بە ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی و هەڵسوکەوتەکانی ئێران بە توندی ڕەخنەیان گرتووە.

ئەوان نیگەرانی خۆیان لە فێڵبازی و کات کوشتنی ڕێژیمی تاران دەربڕیوە. تا ئێستا ئامریکا ڕاستەوخۆ لە وتووێژەکاندا بەشدار نەبووە، بەڵام زۆرباش دەزانێ کە لەو وتووێژانەدا ئێران تەنیا مەبەستی کات کوشتنە. ڕۆژنامەی ئینگلیسی دەیلی مای، ڕۆژی ٢٧ی ژانوییەی ٢٠٢٢ ی زایینی نووسی:"ریچارد نیفۆ دیپلۆماتی سەرەکی ئامریکایی و ئەندازیاری گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، لە تیمی دانوستانکاری ئامریکایی بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، دەستی لە کار کێشاوە، چونکە پێیوایە ئەو ڕێککەوتننامەیە مردووە و گەڕانەوەی بۆ ڕێککەوتنی سەردەمی باراک ئۆباما بە مانای خۆکوژییە." ڕیچارد نیفۆ و زۆربەی کاربەدەستانی پلەباڵای ئەمریکی و ڕۆژاوایی لە سەر ئەو باوەڕن کە ڕێککەوتننامەی هەستەیی ٢٠١٥ی زایینی، دەستی ئێران زیادتر ئاوەڵە دەکات بۆ کاروباری تێکدەرانە و ئەو ڕێککەوتننامە کەموکوڕیی زۆرە.

دەبێ ڕێککەوتننامەیەکی دیکە لەگەڵ ئێران واژۆ بکرێتەوە، کە نەتەنیا چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بەربەست بکات، بەڵکوو پێش بە بەرنامە مووشەکییەکانی و کردەوە شەڕەنگێزییەکانیشی بگرێ، کە بوونەتە سەرچاوەی مەترسی و پشتیوانی جووڵە تێرۆریستییەکان لە هەموو جیهاندا.

لە پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی خاوەن بڕیاردا دەبێ ئەوە بگوترێ کە ئایا ڕووسیە و چین کە هاوپەیمانی سوونەتیی ئێرانن، لە کاتی دانووستانەکاندا لایەنی ئێران دەگرن؟ یا ئێران توانیویەتی بەو حەرەکەتەی کە بە قەولی خۆیان "بادانەوە بە لای ڕۆژهەڵاتدا"یە، سەرکەوتوو بێ؟ هەروەک لەکاتی وتووێژەکاندا برایمی ڕەیسی سەرکۆمار، چوو بۆ ڕووسیا بەڵکوو بتوانێ ڕووسیە ناچار بکات کە پشتیوانی لە ئێران بکەن. یا بەهۆی پەیمانی ئابووریی چین و ئێران، چین ڕازی بێ کە پشتیوانی لە ئێران بکات. لەو ڕێگایەوە دووبەرەکی بخاتە نێوان وڵاتانی ١+٤ (ئاڵمان، فەرانسە، بریتانیا، چین و ڕووسیە) کە ئێستا چین و ڕووسیە بە هۆی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانیان هەڵوێستیان زۆر ڕوون نییە.

لەو قۆناغە هەستیارەدا کە چەند ڕۆژ پێش، دەستەی دانووستانکاری ئێران لە ڤییەنڕا بەرەو تاران گەڕانەوە، دیارە وتووێژی نێوان ئێران و ٣ وڵاتی ئوروپایی و ڕووسیە و چین گەیشتۆتە قۆناغێکی ناسک کە پێویستی بە دانیشتنی ڕاستەوخۆی ئێران و ئامریکا هەیە. ئەو پرسیارە دێتە پێش، ئایا ئێران ئامادەیە ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا دابنیشێ؟ توندئاژۆکانی ئێران زۆر دژی دانیشتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئامریکا بوون! بەڵام ئێران لە ژێر گەمارۆی توندی ئابووری ئامریکادا دەناڵێنێ، گوشاریی ئابووریی، گرانیی خواردەمەنی، ئاوەسایی دراویی، گرانی کرێی خانوو، کرێی بەرق و ئاو و سووتەمەنی هێزی لە خەڵکی ئەو وڵاتە بڕیوە. هەژاریی و نەداریی و بێکاریی لە سەرشانی خەڵکی ئەو وڵاتە قورسایی دەکات. پەنجا و پێنج لەسەدی دانیشتووانی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریدا دەژین.

ڕۆژ بەرۆژ ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئەو وڵاتە تاڵتر و تاڵتر دەبێ بەڵام کاربەدستانی ڕێژیم گوێ بۆ ویست و داخوازییەکانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران ڕاناگرن.

لە جیاتی ئەوە کە، وەک حکومەتێکی ئازاد و دێموکراتیک گوێ بۆ ویست و داوای خەڵک ڕابگرن بە سەرکوت و زەبروزەنگ و زیندان و ئیعدام وڵامی خەڵکی وەزاڵەهاتوو دەدەنەوە. ڕێژیمی ئاخوندی بە ترساندن و تۆقاندن و هەڕەشە و چاوسوورکردنەوە و شاردنەوە و دێزە بەدەرخۆنەکردنی ڕاستییەکان هەروا درێژە بە سیاسەت و چەواشەکاری ڕابردووی خۆی دەدا. بەو حاڵەش بەشێکی زۆر لە داهاتی ئەو وڵاتانە بۆ پشتوانی کردنی لە گرووپە چەکدارەکان ڕەوانەی سووریا و یەمەن و لوبنان و فەلەستین و عێراق دەکا.

لە وتووێژەکانی ڤییەندا، ڕێژیمی ئاخوندی لە سەر دووڕێیانییەک ڕاوەستاوە کە یا لەگەڵ نوێنەرانی ئامریکا دانانیشێ و کێشەکان هەروەک خویان دەمێننەوە و گەمارۆ ئابوورییەکان ڕۆژ بە ڕۆژ ژیان و گوزەرانی خەڵکی ئێران تاڵتر و وێرانتر دەکەن یان ئەوەی کە دەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ نوێنەرانی ئامریکا دابنیشێ و مل بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنامەیەکی دیکە ڕابکێشێ و هەموو پرۆگرامە ئەتۆمی و موشەکییەکانی کۆنترۆڵ بکرێ و چیدیکە ڕێگا بە ئێران نادرێ دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتاندا بکا و پشتی گرووپە چەکدارە توندڕەوەکان بگرێ و درێژە بە کاری ئاژاوەگێری و تیرۆریستی بدا. تەنانەت ئەگەر گەمارۆکانیشی لەسەر هەڵبگرن ناتوانێ کۆتایی بە قەیرانە ناوخۆییەکانی بێنێ.

چونکە ئەو ڕێژیمە دواکەوتووە، ڕێژیمێکی ئیدئۆلۆژیکی ئایینییە کە لەگەڵ هەر چەشنە ئاڵوگۆڕێکی مودێرن و پێشکەوتووانە دژایەتی دەکات.

بەگشتی ڕێژیمی ئێران بۆ هەمیشە ناتوانێ درێژە بەو سیاسەتە بدا و ڕاستییەکان بشارێتەوە.



> **ریچارد نیفۆ دیپلۆماتی سەرەکی ئامریکایی و ئەندازیاری گەمارۆ ئابوورییەکانی سەر ئێران، لە تیمی دانوستانکاری ئامریکایی بۆ ڕێککەوتننامەی ئەتۆمی، دەستی لە کار کێشاوە، چونکە پێیوایە ئەو ڕێککەوتننامەیە مردووە و گەڕانەوەی بۆ ڕێککەوتنی سەردەمی باراک ئۆباما بە مانای خۆکوژییە**

# کەمبوونەوەی بەرهەم و پەرەگرتنی ڕەفتاری قازانجپەرستانە لە کۆمەڵگادا

جاقل

بەهێزی یان لاوازیی ئابووریی وڵات لە درێژماوەدا دەتوانێ وردەکەلتورگەلێک لە کۆمەڵگادا پەرە پێبدات کە ئەگەر مودیریەت نەکرێت دەتوانێ لێکەوتەی فەرهەنگی خراپی لێبکەوێتەوە. سەروەت و سامانی زۆر، یان بێداهاتی و هەژاری ئەگەر لە مانا و ئەرزشە نەتەوەیی و ڕەسەنەکانی نەتەوەیەک دوور بکەونەوە دەبنە مەترسی لە سەر ناخی نەسڵی تازەپێگەییشتوو بۆیە دەبێ هەموو مرۆڤێک زۆر باش ئەمە بزانێ کە دەوڵەمەندی بێ ڕیشە و بێ ئوسلوب، بە هەمان شێوەی ئینسانی دەستکورت و ناتێگەییشتوو بۆ داهاتووی کۆمەڵگا مەترسیدارە.

ئەگەر پەروەردەیەکی دروست لە پشت سەروەتەوە نەبێ، سەروەت بە تەنیا ناتوانێ ڕۆحی پێکەوەهەڵکردن و تەبایی لە کۆمەڵگادا دروست بکات، بەڵکوو زۆرجار مرۆڤی دەوڵەمەند و سەروەتەکەی دەبنە کەرەستەگەلێک بە دژی بەها و ئەرزشە میللییەکان و داگیرکەری دەسەڵاتدار ئەمانە دەکاتە کارتی گوشار بە سەر زۆرینەی هەژارەوە. بەپێچەوانەکەشی دروستە؛ ئەگەر بڵێین کە هەژارییش ئەگەر تێگەییشتن و پەروەردەی دروستی لە پشت نەبێ دەتوانێ ملکەچبوون و درێژەدان بە ژیانێکی کوللەمەرگی لێبکەوێتەوە.

وەرزێری، ئاژەڵداری، سەنعەت و بازرگانی کۆڵەکە سەرەکییەکانی گەشەی ئابوورین لە وڵاتدا.

لە ساڵانی ڕابردوودا بەهۆی نەبوونی پلانی زانستی و پەرەگرتنی وشکەساڵی وەزارەتی کشتوکاڵی ڕێژیمی ئاخوندی نەیتوانی پەرە بە بەرهەمهێنان لە جوتیاری و ئاژەڵداریدا بدات و جگە لەمانەش تەواوی ئەو پیشانەی کە دەبنە ژێرکۆمەڵەی وەرزێری، یان تووشی شکست و هەڵاوسان بوون یان بە ڕێژەیەکی کەم گەشەیان کردووە کە شیلات و هەنگداری و پیشە هاوشێوەکانی دیکەش بە هەمان چارەنوسی وەرزێرییەوە چوون .

پەرەگرتنی سەنعەت لە هەر دوو ڕێژیمی پاڵەوی و ئاخوندیدا لە شارە ناوەندییەکانی ئێراندا بناغەی داڕێژراوە و کاری بۆ کراوە. ڕێژیم بە تاڵانکردنی کانگا ژێرزەوینییەکانی ئەو هەرێمانە کە نەتەوە بندەستەکانی ئێرانی تێدا دەژین کەرەستەی خاوی کارخانەکانی خۆی لە شارە گەورەکان دابین دەکرد بەڵام بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک و سیاسەتی چەساندنەوە و پەراوێزخستنی سەنعەتی نەتەوەکان و چەندین هۆکاری دیکە بەشی زۆری سەنعەت لە ئێرانی ئێستادا هاوشێوەی وەرزێری تووشی شکست و هەڵاوسان کردووە کە نمونە بەرچاوەکانی سەنعەتی ماشێنسازی و پۆڵا و کارخانەی هۆپکۆی ئەراک و دەیان کارخانەی دیکەیە .

ئاڵوگۆڕی بازرگانی سێهەمین و ئاخرین فاکتەری گەشەی ئابوورییە لە هەموو وڵاتێکدا، بەهۆی هەڵکەوتەی جوغرافیایی ئێران زۆربەی کاڵا بیانییەکان لە ڕێگای ئێرانەوە ترانزیت دەکرێن کە هەر ئەمەش سەرچاوەیەکی گەورەی داهات بوو بۆ حکومەت بەڵام بەهۆی توندتربوونی گەمارۆکان و پەراوێزکەوتنی ئێران لە جیهاندا و قاچاخی چەکوچۆڵ و ماددەسڕکەرەکان لەلایەن دەسەڵاتی تیرۆریستی تارانەوە بەشێکی زۆری گواستنەوەی کاڵاکان، ڕێڕەوێکی دیکەیان دۆزیوەتەوە و ئەگەرچی هێشتا ترانزیتی کاڵا لە ئێرانەوە بۆ وڵاتانی ناوچە بەردەوامە بەڵام ئاستی ئاڵوگۆڕەکە بەڕێژەیەکی بەرچاو دابەزیوە .

لە ئێرانی ئێستادا دەزگا و سازمانە ناسراو، یان بێناونیشانەکان خەریکی قاچاخ یان فرۆشتن و گواستنەوەی کاڵان و هەر کامەیان بۆ خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی تایبەتن کە بەهۆی ڕانت و گەندەڵی حکومەتییەوە بووەتە سەرچاوەی داهات و سەروەتی زۆر بۆ کەسانی ئەو سازمان و گرووپانە. هاوردەکردنی کاڵا زەرورییەکانی ژیان بۆ ناوخۆی ئێران وەک دەرمان و کەرەستەی ئاڕایشی و پاقژکەرەوەکان و خواردەمەنییەکان و هتد ژێربەژێر لەلایەن سەردارە تیرۆریستەکانی سپاوە بەڕێوە دەچێت.

لە ئێرانیشەوە ماددەی سڕکەر و چەکوچۆڵ بە جیهان و ناوچەکەدا بڵاو دەکرێتەوە. ئەم کارانە جیاواز لەوە بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی بۆ گەشەی ئابووریی وڵاتێک حیساب ناکرێ بەڵکوو زۆرترین شوێندانەری نێگەتیڤی لە سەر بازرگانی سروشتی و ڕێگاپێدراو هەیە.

لاوازبوون و دارمانی سێ کۆڵەکەی گەشەی ئابووری لە وڵاتدا بووەتە هۆی پەرەگرتنی بازرگانی بچوک کە تاکەکانی کۆمەڵگا بە سەرمایەیەکی کەم هەڵیدەسوڕێنن.

ئەم چەشنە بازرگانییە کە زۆرتر لە دوکانداریییەوە نیزیکە، بێ گوێدان بە داهاتووی وڵات و چەندایەتی و چۆنایەتی کاڵا زۆرتر بە شوێن قازانجدا دەگەڕێ. ئەم بازرگانییە کە بازرگانییەکی سەرەپێیی و بازاڕییە زۆر بە کەمی خاوەنی دەفتەر و شوێنە و ئاماری ئاڵوگۆڕەکانی کەمتر تۆمار دەکرێ .

هەر بۆیەش ڕێژیم هەوڵ دەدات لە ڕێگای دەزگاکانی «پۆز» یان کارتخانەوە ئاماری ئەم جۆرە بازرگانییەی لە دەستدا بێ و ماڵیاتەکەی خۆی لەو ڕێگاوە لێیان بستێنێ.

ئەم وردەتاجرانە بەهۆی نەبوونی سیستمێکی چاوەدێری، کەیفییەتی کاڵا و مافی کڕیار لە پێش چاو ناگرن! هەر ئەمەش بووەتە سەرچاوەی زۆر نەخۆشین و ماڵوێرانی کە ئێستا کۆمەڵگای ئێران بە دەستییەوە دەناڵێنێ. پەرەگرتنی مافیاکانی خۆراک و دەرمان و مافیاگەلی جۆراوجۆر لە سینفە هەستیارەکاندا بەهۆی وێرانبوونی سیستمی بەرهەمهێنان و چاوەدێری و پەرەگرتنی گەندەڵی و بێ ئەخلاقییەوەیە کە حکومەتی ئێستای تاران لە هەمووی ئەمانە بەرپرسیارە .

لە هەمووی ئەمانە گرینگتر ئەو ڕەفتار و فەرهەنگەیە کە ئەم بارودۆخە ئابوورییە دروستی دەکات و تاکە قازانجپەرستەکان و تازەپیاکەوتووە چاوبرسییەکان پەرەی پێدەدەن.

ئەمە کەتوارێکی ئابووری کۆمەڵگای ئێرانە کە بەداخەوە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ زیاتر پەرە دەستێنێ .

نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی شۆڕشگێڕ و مەیدانی کە بتوانێ بە خۆفیداکردنی کرداری مانایەکی ئینسانی بە دژی ئەم وردەفەرهەنگە مەترسیدارانە بەرهەم بێنێ خەسارێکی گەورەی سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە .

مانگرتن و خۆپیشاندان و دژایەتی دەسەڵات لەلایەن مامۆستایان و توێژی ڕۆشنبیرەوە تا ڕادەیەک توانیویەتی لە قەبارەی ئەم خەسارەتە کەم بکاتەوە و مانا و ئەرزشە ئینسانییەکان پشتگوێ نەخات .

# ئازاد محەممەدیانی:

## تا ئۆپۆزیسیۆن نەتوانێ وەک بەدیلێکی بەهێز، فرەڕنگ و فرەچەشن نەخشی هەبێ، توانایی ڕێکخستن و هێنانە سەرشەقامی کۆمەڵگای نابێت

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

لە ٤٣هەمین ساڵوەگەڕی شۆڕشی گەلانی ئێران نزیک دەبینەوە، شۆڕشێک کە بە هیوای ئازادیی و ژیانێکی بەختەوەرانە و دەستەبەربوونی مافە بنەڕەتییەکانی گەلانی ئێران وەڕێ خرا و تێچوویەکی زۆری بۆ درا؛ بەڵام لە ئاکامدا لەلایەن ڕەوتێکی ئیسلامی شیعە بە ڕێبەریی خومەینی دەستی بەسەردا گیرا. زیاتر لە ٤ دەیە بەسەر ئەو شۆڕشەدا تێدەپەڕێت، خەڵک لە هەر چەشنە ئازادییەک بێبەشن و لە سەختترین دۆخدا ژیان بەسەر دەبەن. هەژاری، گرانی، بێکاری، بێ هیوایی بە داهاتوو و دەیان قەیرانی دیکە بەهۆی دەسەڵاتداری ڕێژیمی ویلایەتی فەقیە بەرۆکی خەڵکی گرتووە.

لە چەند ساڵی ڕابردووەوە نارەزایەتی و خۆپیشاندانی خەڵک بەنیسبت ئەو دۆخە پەرەی گرتووە، دەسەڵاتی تارانیش مەترسی خرۆشانی خەڵکی هەست پێکردووە، بەڵام لەجیاتی گوێدان بە داخوازییەکانی خەڵک ڕێگای سەرکوتی گرتووەتە بەر.

لەم وتووێژەدا لەگەڵ دوکتور «ئازاد محەممەدیانی» شرۆڤەکاری سیاسی ئەم بابەتەمان خستووەتە بەرباس کە سەرنجتانی بۆ ڕادەکێشین.

### - ٤٣ ساڵ بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران تێدەپەڕێت، چاوەڕوانییەکانی خەڵک چی بوون و ئێستا لە چ دۆخێکدان؟

لەڕاستیدا شۆڕشی گەلانی ئێران بەرهەمی هێندێک گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ویست و داواکاری مێژوویی و ئەو ڕەوتە لە گۆڕانکاری بوو کە لە پێش هاتنە سەرکاری دەوڵەتی پاڵەوییەوە لە ئێران نێوە نێوە ڕووی دەدا و بە ئامانجی گشتی خۆی نەدەگەیشت.

بزووتنەوەی مەشرووتە و ئاکامە ناتەواوەکەی، ساڵەکانی دەیەی بیست و کودتای ٢٨ی گەلاوێژی ٣٢ و کۆتاییهێنان بە دەوڵەتی موسەدیق، سیاسەتەکانی ڕەزاشا بۆ بەرتەسککردنەوەی دەسەڵاتی ئاخوندەکان و پەراوێزخستنی ئەم چینە لە کاری پەروەردە و قەزاوەت، سیاسەتی ئاسیمیلاسیۆنی ڕەزاشا و دواتر محەممەد ڕەزاشا، هەرەسپێهێنانی کۆماری کوردستان و کۆماری ئازەربایجان، زاڵبوونی گوتاری چەپ لە فەزای گشتی سیاسی جیهاندا، تێکچوونی نیزامی چینایەتی ئێران و گەورەبوونەوەی چینی مامناوەند؛ ئەو چینەی کە گۆڕانکاریخوازە و ئازادییە سیاسییەکان ئەولەویەتی یەکەمیەتی، هەموو ئەو شتانە بوون کە وێڕای زاڵبوونی گوتاری ئینقلابی چەپ و دروشمە بە ئامانج نەگەیشتووەکانی سەردەمی مەشرووتە وەک ئازادی، دەسەڵاتی یاسا، پادشایی مەشرووتە و ئازادی بەیان و ڕادەربڕین وێڕای ویستی چینایەتی ئاخوندەکان بۆ گەڕانەوە بۆ پێش دەورەی پاڵەوی و بەدەستەوە گرتنەوەی جومگەکانی پەروەردە و قەزاوەت، بوارخۆشکەری شۆڕشێک بوون کە براوەکەی ئاخوند و چینی سوونەتی کۆمەڵگای ئێران بوو کە لە ئاکامدا سەرەڕای ئەوەیکە شۆڕش نەیتوانی حکوومەتی یاسا، ئازادی و عەدالەت، بەرابەری و ئازادی سیاسی دەستەبەر بکات بەڵکوو ئەو ئازادییە کۆمەڵایەتییەی کە لە دەوری پاڵەویشدا هەبوو، بووە خەون بۆ گەلانی ئێران.



### - یەکێک لە دروشمەکانی ئەو شۆڕشە «ئیستقلال، ئازادی» بوو، لە ئێستادا ئێران تا چەندە، سەربەخۆ و ئازادە؟

وەک لە وەڵامی یەکەمدا باسم کرد لە ئێرانی پێش شۆڕشدا جۆرێک لە ئازادی کۆمەڵایەتی بوونی هەبوو، ژنان ئازادتر بوون و ئازادییەکانی تاک تا ڕادەیەک لە گەشەدا بوون، بەڵام ڕێژیمی پاشایەتی هیچ ڕێزێکی بۆ ئازادی سیاسی و بەشداریی خەڵک لە پرۆسەی سیاسی وڵات دانەدەنا، زیندانەکان ئاخنرابوون لە جیاوازبیرەکان و سەرکوتی نەتەوەکانی دیکەی ئێران لەوپەڕی خۆیدا بوو، کەواتە لەو دەورەیەدا ئازادیی کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی باش بوو بەڵام ئازادیی سیاسی لەوپەڕی خراپیدا بوو.

پێم وایە حکوومەتی پاڵەوی وەک هەر حکوومەتێک کە بیر لە گەشەی ئابووری دەکاتەوە ناچار بوو پێوەندییەکی باشی لەگەڵ جومگەکانی دەسەڵاتی جیهانی هەبێ، کە لەو بابەتەوە پاڵەوی ئەو پێوەندییەی هەبوو کە تەعبیر بە نەپاراستنی ئیستقلال دەکرا.

ئەوەی پاش شۆڕش ڕووی دا ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی هەموو جۆرە ئازادییەکانی خستە داوی بیری ئیدئۆلۆژی ئیسلامی سیاسییەوە و ئەو ئازادییانە بوونە قوربانی ئیسلامی ئینقلابی ئاخوندەکان.

پاش ئەوەی پەلامار درایە باڵوێزخانەی ئامریکا لە تاران و دژایەتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ ئامریکا و ڕۆژاوا بەوپەڕی خۆی گەیشت و ئەو جۆرە لە دژایەتی بووە ئیدئۆلۆژی حکوومەت و دەسەڵاتی نوێ و لەلایەن ئەمریکاوە کەوتە بەر گەمارۆی ئابووری و سیاسی، حکوومەتی نوێ بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم کەلێنە و کەمکردنەوەی ئەم گوشارانە زیاتری پاڵ دا بە ڕووسیە و بلووکێک لە دەسەڵاتی جیهانی کە نێودێرە بە بلووکی «شەرق»؛ ئەو وەرچەرخانە لە شەڕی ئێران و عێراقدا و پاش ئەوەی زاخەکانی چەکی ئێران کە لێوانلێو بوون لە چەکی ئەمریکایی بەتاڵ بوون و چەکی ڕووسی و ئورووپییەکان جێیانی گرتەوە نیشانەکانی هەڵەبوونی ئەو وەرچەرخانە دەرکەوت، چون توانایی مانۆڕی کەرەستە ئەمریکاییەکان لەو شەڕەدا دەری خست کە پێوەندی لەگەڵ کام لایەن دەتوانێ زیاتر بە قازانجی بەرژەوەندی نەتەوەیی بێ.

ئێستا پاش پتر لە چل ساڵ کۆماری ئیسلامی بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە و درێژکردنەوەی حکوومەتەکەی کەوتۆتە پەیمانی درێژخایەن لەگەڵ ئەو باڵە ڕۆژهەڵاتییەی دەسەڵاتی جیهانی و سەربەخۆیی و شکۆی وڵاتەکەی خستۆتە مەترسییەوە. لەڕاستیدا دورشمی «نە شەرقی، نە غەربی» وەک دروشمێک ماوە و ئێستا نە تەنیا نزیکبوونەوە و پێوەندی بەڵکوو تەسلیمبوون بە «شەرق» بووەتە سیاسەتی بنەڕەتی دەرەکی کۆماری ئیسلامی.

### . بەرپرسانی ڕژیمی ئێران چۆن لە ڕوویان هەڵدێت بەرگری لە ڕێژیمێک بکەن کە لە کارنامەکەیدا جگە لە هەژاری، گەندەڵی، نەهامەتی و داهاتووی ناڕوون هیچ شتێکیان بۆ خەڵک بەجێ نەهێشتووە؟

لە ڕاستیدا وەک بۆخۆیان دەڵێن ئەوان ئەرکێکی گەورەتر لە دەسەڵاتدارییەتی ئێرانیان هەیە و ئەوەی بۆ ئەوان گرینگە، پێش ئاوەدانکردنەوەی دنیای خەڵکی ئێران دەبێ ئاخرەتیان ڕوون و ئاوەدان بکەنەوە، کە ڕێگاکەشی ئیسلامی سیاسی ئەویش بە جۆرێک خوێندنەوە لە ئیسلامە کە تاقمێک لە دەسەڵاتدارانی ئێران بڕوایان پێی هەیە.

### بەنیسبت ئامارە ئابوورییەکان لە دەیەی ٩٠ی هەتاوی، نارەزایەتی دەربڕیوە و ڕەخنەی لە بەرپرسانی دەوڵەتی گرتووە. لە دۆخی ئێستای ئێراندا خامنەیی خۆی تا چەندە بەرپرسیارە؟

لام وایە هەموو بەرپرسیارەتییەکانی ئەو دەسەڵاتە لە ئەستۆی ڕێبەرانی ئەو حکوومەتەیە، چ ئەودەم کە دەستووری ئێعدامەکان و سەرکوتی ئازادیخوازان و کوردستان و تورکمەن سەحرا لەلایەن خومەینییەوە دەدرا، تا هەموو ناکارامەییەکانی دەورانی خامنەیی لە ئەستۆی ئەو دوو ڕێبەرەی کۆماری ئیسلامییە کە وەک وەلی موتڵەقەی فەقیە حکوومەت دەکەن. بەرپرسیارەتییەک کە لانیکەم بێکاری، برسێتی، هەژاری، ژینگەی وێران، کۆمەڵگایەکی هەڵوەشاوە و پڕخەسار، ئابووریی هەرەسهێناو و هومێدی بەباچووی گەنجانی ئەو وڵاتە بووەتە قوربانی دەسەڵاتێک کە خۆی بە نوێنەری خودا دەزانێ و ئامانجی ئەو گەیاندنی خەڵکی ئێران بە بەهەشتە؛ لەڕاستیدا ئێستا ئەو بیرۆکەیە ئێران بەڕێوە دەبا و پێی وانییە خەریکە ئێران وێران دەکات، بەڵکوو پێی وایە ئاوەدانی قیامەتی کردۆتە خەڵاتی خەڵکی ئێران.

### . عەلی خامنەیی لەم دواییانەدا

خامنەیی قەت نەچووە ژێری و بۆ هەر کێشە و گرفتێکی ئەو وڵاتە کەسێک تاوانبار کرا. جا ئەو کەسە یا دوژمنی دەرەکییە یا دژبەرانی ناوخۆن یا بەرپرسانی ڕەدە سێ و چواری ئەو وڵاتەن. هەڵبەت ئەوە بەو مانایە نییە کەسی دیکەی بەرپرسیارەتی ئەو دۆخەی نییە بەڵکوو مەبەست ئەوەیە بەرپرسیاری یەکەم ئەو دوو کەسە وەک دەسەڵاتی ڕەهای ئێرانن.

### . ئایا بەرپرسانی ڕێژیمی ئیسلامی ئێران زەنگی مەترسیان گۆی لێ بووە؟

پێم وایە لەوەیکە کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە هەموو جۆراوجۆری ئایینی و ئیتنیکی و فکری و ... بە جۆرێک دوژمنی کۆماری ئیسلامی و بەرنامە و شێوەڕوانینی ئەوانن شتێکە کە دەیزانن و ئەوەیان بۆ ناشاردرێتەوە، بەڵام ئەو دەسەڵاتە وەک هەر حکومەتێکی گەندەڵی داپڵۆسێنەر، لە جیاتی ئەوەی ڕێگایەک بۆ چارەسەری کێشەکان ببیننەوە، هەوڵ دەدەن دۆخەکە کۆنترۆڵ بکەن؛ واتە ڕێگایەک بۆ دەمکوت و سەرکوتی خەڵک پەیدا بکات، کە تا ئێستا کۆماری ئیسلامی لەم بەشەیدا سەرکوتوو بووە و توانیویەتی لە ڕێی دەزگای زەبەلاحی سەرکوتییەوە جەماوەری ناڕازی مەهار بکات.



### . خەڵکی ئێران کە هیچ شتێکیان بۆ لە دەستدان نەماوە تا چەندە دەتوانن تەحەمولی ئەو دۆخە بکەن و ڕێژیمی ئێران تا کوێ دەتوانێت بەم شێوەیە بڕواتە پێش؟

پێم وایە مەسەلەکە بڕێک قووڵترە لە ئەوەیکە خەڵک چەندە تەحەمولی ئەو دۆخەیان هەیە، هەر جۆرە گۆڕانکارییەک هێندێک زەمینە و بەستێنی گونجاوی فکری و فیزیکی پێویستە، دیارە کۆماری ئیسلامی حکوومەتێکە کە مەشرووعیەتی لە کەمبوونە و گەیشتۆتە ئاستێکی زۆر کەم و بەردەوامیش کەم دەکات، بەڵام کەمبوونی مەشروعیەت ناتوانێ بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی تەواو بێ.

لە ئەمڕۆی ئێراندا شتێک نابێ هەبێ بەڵام هەیە و شتێک کە دەبێ هەبێ نییە، ئەوەی هەیە دەزگایەکی زەبەلاحی سەرکوتە کە ڕۆژانە ئێنێرژی لە ئیدئۆلۆژی حکوومەتی وەلی فەقیهەوە وەردەگرێ و توانای سەرکوتی هەیە و بۆ ڕاگرتنی ئەو سیستەمە لە سەر پێیە، ئەوەی نیشە ئاڵتێرناتیوە، ئاڵتێرناتیوێک کە بەرچاوڕوونییەک بە داهاتوو بدا بە دەست خەڵکەوە و توانای ڕێکخستنی کۆمەڵگای هەبێ و ئەو وزەیە بە خەڵک ببەخشێ کە بتوانن بێنە سەرشەقام و لە سەر ئەو ئەمنیەتە گیانیەیان ڕیسک بکەن، جا ئەگەر ئەو ئاڵتێرناتیوە ساز بوو و هاوکات توانایی ئەوەی هەبوو بەرچاوڕوونی لە داهاتوی دوای شۆڕش بدات بە خەڵک و جەماوەری هێنا سەرشەقام، سازمانی سەرکوتیش تووشی هەرەسهێنان دەبێت و توانایی درێژەدارکردنی سەرکوتی نییە.

ئەوەیە کە کێشەی سەرەکی ئێستای خەڵکی ئێران نەبوونی ئاڵتێرناتیوە، دیارە لە ئێراندا ئۆپۆزیسیۆن زۆرە بەڵام ئەوانە نەیانتوانیوە ببنە بەدیل، تا ئۆپۆزیسیۆن نەتوانێ وەک بەدیلێکی بەهێز، فرەڕنگ و فرەچەشن نەخشی هەبێ، توانایی ڕێکخستن و هێنانە سەرشەقامی کۆمەڵگای نابێ، بۆیە پێموایە کۆمەڵگای ئێران لە دەمدەمی تەقینەوەدایە بەڵام بە مەرجی سازبوونی بەدیل، کە ئەویش دەبێ چاوەڕوان بین.

هەڵبەت پێویستە ئەوەش بڵێم کە دۆخی کوردستان جیاوازە چونکە لە ڕاستیدا لە کوردستان ئۆپۆزیسیۆنێک هەیە کە توانایی بەسیجی توودەیی هەیە و سەرمایەیەکی بەهێزی کۆمەڵایەتیشی هەیە کە ئەو تواناییەی پێداوە بەدیل بێ.

# ژنەشێر



عەلی سۆهرابی

گوتی مـن بـە دڵـی خەڵـک دەژیم. تەنیـا دڵـی مرۆڤ بۆ مـن گرینگە. تەنیا دڵیان.....

مـن هەمـوو دەم هـەر وا بوومـە. بـۆم ناکرێ کەسـێک شتێکم لێ بخوازێ و لـە دەسـتم بـێ و بـۆی جێبەجـێ نەکـەم. جا ئەگـەر ئـەو داخوازییە لە لایـەن کەسـێکی نزیکـەوە بـێ، هـەر باسی لێوە ناکرێ....

گوتم باشـە سەر چاوان... خۆتان ساز کەن و سواری ترۆمبێل بن تا بتانبەم. شـایی و خۆشـی لـە مـاڵ گـەڕا. منداڵـەکان جیفرکیـان لـە خـۆ دەدا. خوو و خدەی ژنەکەم باش دەناسم.... بزەکەی پڕ لە دڵخۆشـی بوو. شوێنی پێشانگاکەمان دیتەوە. پێشانگایەکی گـەورە کـە دار و پەردووەکـەی، لوولـەی ئاسـن و پێـچ و خێـوەت بوو. لە ناوەوە، دەیان هۆدەیان چێ کردبوو. داڵانێکـی دوور و درێـژ کـە ئەمبـەر ئەوبـەری هەمـوو هـۆدە بـوون. هـەر هۆدەیەک، نوێنەری شـارێک و هەر شـارەک نوێنـەری پارێزگایـەک.... هەمـوو شـتێکی لێ دەسـت دەکەوت. لـە ئودکلـۆن و بۆنـی خۆشـەوە بگـرە هەتـا جلوبەرگـی ژنومنـداڵ و هەتـا هەموو جۆرە خواردەمەنییەک.....

ئـەو پێشـانگایە هـەر حەوتەیـەی لـە شـارێک چـادر و چیغـی هەڵـدەدا و پێداویسـتییەکانی خەڵـک شـتێک لـە دووکانـەکان هەرزانتـر دەفرۆشـێ بۆیـە خەڵـک بـە چـڕی ڕووی تێدەکـەن. پێـدا چووینـە خـوار.... لـە هـەر کامـەی شـتێکمان کـڕی. دواییـن هـۆدە، هۆدەیەکـی هونـەری بوو. بە دەیان کەرەسـتەی دەسـتکرد و سـەدان جۆر ئامێری ماکێت کە تەنیا بـۆ جوانـی چـێ کرابـوون. بـە دەیان تابلۆی جوان و هونەری ڕێز کرابوون. وێنـەی جـوان و ڕێکوپێـک..... هێندێکیـان لـە مافـوورە دەرهاتبـوون. کوڕەکـەم، مافوورەیەکـی کـڕی کە وێنـەی شـێرێکی لە سـەر بـوو کە لە نێوقـەدڕا بۆ خـوارێ مرۆڤ بوو. کە بردمانـەوە، لـە هۆدەیـەک بـە دیوارەوە هەڵمانواسـی. تابلۆیەکـی جـوان و هونـەری...... هەرچەنـد جارێ تێـم دەڕوانی، هەسـتم بـە زیندووبوونی ئەو تابلۆیە دەکرد. لە نێوقەدڕا بۆ سەرێ، نێرەشێرێک کە یاڵەکانی لە شەکانەوە دابـوون. چاوەکانـی بە گرشـەگرش و گوێیەکانـی قـوت کردبـوون. وەک ئـەوەی چـاو لـە مـرۆڤ بـکا. لـە نێوقـەد بـەرەو ژێر مرۆڤ..... سـمت و سـوڵێکی ژنانـە.... ڕان و بەلەکی خرپن و خڕوخۆڵ و جووتێک پەنجەی ناسـکی ژنانـە..... کە دەچوومە ئەو هۆدەیـە، نەمدەوێـرا تێـر بـە چـاو تێی بڕوانـم. هەسـتم دەکـرد چاوەکانـی زیندوون و ئەویش خەریکە سەیری من دەکا......

ڕۆژێـک کە لـەم هۆدەیەدا خەریکی نووسـین بووم، هەسـتم بە خشـپەیەک کـرد. لەگـەڵ ئاوڕدانەوەمـدا، بـە چرکەیـەک ئامبـازم بـوو. لـە سـەر پشـت بـەر بوومـەوە. لە سـەر سـینگم دانیشـت و پەنجـە بەهێزەکانـی لـە گـەروو نـام. بـێ ئەوەی یەک قسـەم پـێ بکرێ، بێ قیژە و هەرا خەریک بـوو بمخنکێنـێ. سـۆمای مەرگم لێ وەدیـار کـەوت. چـاوە تیژەکانـی لـە چـاوم بڕی کـە هێدیهێدی خەریک بـوون بـۆ هەتاهەتایـە دەکەوتنە سـەر یـەک. هێدیهێـدی چاوەکانـی نەرم بوون. لەگـەڵ نەرمبوونی چاوەکانی، پەنجەکانیشـی لـە سـەر گـەرووم شـل بوونـەوە. سـەری هێنـا پێـش. بە دەنگێکی ژنانەوە بە گوێیدا چرپاندم: ئەگـەر هـاوار نەکـەی و نەقیژێنـی، بـەرت دەدەم. بـە چـاو، بـە بـرۆ، بـە لرفەلـرف و بـە هەمـوو شـت هەوڵم دا تێیبگەیێنـم کـە ناقیژێنـم.... بەری دام. هەناسـەیەکم دا. تۆزێک دەسـتم لە سەر و ملم خشاند و کپ چاوم تێ بڕی. تەنانەت نەموێرا بشکۆکم نەکا منداڵـەکان بێنە ژوورەوە. نەختێک بە دیوەکـەدا ڕاوێچکـەی کـرد و هـات بەرانبەرم دانیشت. بە ترسەوە چاوم تێ بـڕی. بـە دەنگێکـی نـەرم گوتی تۆ هـی منی....ئیتـر چی من بمهەوێ، ئەوە دەکـەی. ئاماژەیەکی ڕانەکانی کـرد و بـە بـزەوە گوتـی منیش هـی تـۆم..... چۆنی بخـوازی، وا دەکەم. دەنگەکـە ئاشـنا بـوو. دەنگـی کـێ بـوو؟ دەنگێکـی تایبـەت بـوو. دواجار دەسـەریەکم کـردەوە. هـەر ئـەو دەنگە بوو کە سـاڵهای سـاڵ، لە شـوێنێکی دڵ و مێشـکمدا حەشـارم دابوو. گوتم تـۆ چیـت؟ چیت لێم دەوێ؟ گوتی تۆ..... تۆم دەوێ تەنیا تۆ....

بە بێزارییەوە گوتم واز بێنە تۆو خوا.... ئـەو کات دەبوو بیکـەی نەتکرد..... بـە بزەیەکـی فێڵاوییـەوە، لێم نزیک بوویەوە. دەسـتێکی خستە سەرشانم... هەسـتم کرد ئەو شـتە نییە کە پێشـتر بـوو. ئەوە بوونەوەرێکـی تێکەڵاوە کە هیـچ کات ناتوانـێ جێگای ئەوم بۆ پـڕ کاتـەوە. گوتـم تـۆ ئـەو نـی.... ناتوانـی ئەو بـی. مۆڕەیەکی توندی لـێ کردم. هەسـتم بـە ژانێکی قووڵ کـرد لـەو شـوێنەی پەنجەی لە سـەر شـانم دانابوو. زانیم ئەوەی بڕیار دەدا، ئـەوە. من بێ دەسـەڵاتتر بـووم لەوەی بتوانـم بەرهەڵەسـتی بـم. ملـم کـەچ کرد.

گوتی شـەوانە دەبێ لەگەڵم بێیە دەر. مـن بـێ دڵ ناژیـم. گوتـم ناتوانم... خـۆت دەزانی مـن ژن و منداڵم هەیە. بە توندی ڕووی تێکردم: هەر چونکە ژنـت و منداڵـت هەیـە دەبێ بتوانی. هەسـتم کـرد بـە ژن و منداڵەکانـم هەڕەشەم لێ دەکا. دوایە بە بزەیەکی دەسـتکردەوە گوتـی بـۆ مـن ژنی تۆ نیم؟ قسـەکانی خەنجەرێـک بـوون لـە سـەر ژیـان و مـاڵ و منداڵـم. بـۆ چرکەیـەک مەرگـی خـۆم و ژن و منداڵەکانم هاتە بەر چاو. گوتم دەبێ بەڵێنـم پێ بدەی لـە ژن و منداڵەکانم وەدوور کەوی. دەسـتیان لێ بوەشێنی، دەسـتت لـێ دەوەشـێنم... بـە تیزەبزەوە گوتی باشە بەڵێن بێ. پێم پێدەکەنی. ئاخر دەیزانی لە ئاستی ئەودا، چەندە بێ دەسەڵاتم. کە چرتە لە دەرگا هات، وەک بـا لە شـوێنی خۆی هەڵکەندرا و لە چاوتروکانێکدا بووەوە بەو شێرە بێ ئازارەی بە مافوورەکەوە لە ماڵی من هاتە ژوور و بوو بە بەڵای گیانم.

یەکـەم شـەو بـەر لـە بانگـی بەیـان، وەشـوێنی کـەوتم. لـە تاریکایـی کۆڵانـدا، سـۆفی حەسـەنی جیرانمان بەرەو مزگەوت دەڕۆی. لە ئانیشکەی کۆڵاندا سواری سەری بوو. لە یەک چرکـەدا قرخەبـڕی کـرد. تەرمـی سـۆفی حەسـەن یـەک بـە مەیـدان ڕاکشـا. کەلەکـەی هەڵـدڕی و دڵەکـەی دەرهێنـا. ئاگری لـە چاوان دەبـاری. خوێن بـە لالغاوانیـدا دەهاتە خـوار. دڵـم سسـت بـوو. بـە دیـوارەوە داخزیمـە خـوار و دانیشـتم. خوێـن لـە لا کەلەکـەی سـۆفی حەسـەن وەک کانـی دەردەقوڵـی. ئەویـش وەک تینـووی لـە پـێ کەوتـوو، بینـی پێـوە نابـوو. خوێنـی دەخـواردەوە و خوێنـی دەخـواردەوە. لەپـڕ چاوێکی ماناداری لـە مـن کرد. دەمی پـڕ کرد لە خوێن و چۆکی دانا سـەر سـینگم و دەمی بـە دەمم وەنا. هەمـوو خوێنەکەی ناو دەمـی، تـف کـردە دەمـی مـن. زار و قورگـم پـڕ بـوون لـە خوێـن. هێڵنجم هاتێ و پڕماندم.....

ئیتر ئەوە کاری هەموو شەوانی من و ئەو بوو. هەر شەوەی کەسێک دەبووە قوربانـی و هـەر ڕۆژەی لـە ماڵێـک شـین و شـەپۆڕ بوو. تەنیا کەسـێک کـە لـە هـەر دوو لا بەشـدار بـوو، من بووم. شـەو لە گیان ئەسـتاندن و ڕۆژ لە شین و شەپۆڕ.... خەڵک هەموو تاسـابوون. هەمـوو ترسـابوون. هـەر کەسـەو ترسـی گیانی خـۆی و ماڵ و منداڵـی خـەوی لـێ دەتاراند. وا هەبوو چەند بنەماڵە لە شوێنێک کۆ دەبوونەوە و پاسـەوانیان دادەنا. کەچی ئەگـەر بەیـان لـە خـەو هەڵدەسـتان، تەرمێکیـان لـە نـاو خـۆ دەدیت کـە کەلەکەی هەڵدڕاوە و دڵی نەماوە....

هـەر شـەوەی کـە قوربانییەکـەی دەسـتاند، دەرگایەکیتری بۆ سـبەی شـەو بـە پشـکە خوێنێـک نیشـانە دەکرد.

_ جەرگەکەم.... سـبەی شەو ئا لەم ماڵە میوانین....

وابـوو بەڵێنـی بـە مـن دابـوو کاری بـە بنەماڵـەی مـن دانەبـێ، بـەڵام ئـەو بەڵێنـە، خـزم و کەسـانی منـی نەدەگرتـەوە. ماڵـی مـام و خاڵەکانم، ماڵی خوشـک و براکانـم... ماڵـی پوورەکانم.... جیرانەکانم.... من پێوە ببووم. گیرۆدە ببووم. لەلایەک جەرگم دەسووتا و لەلایەکیتر هیچم لە دەست نەدەهـات. وای لێهـات هیـچ ماڵێک نەمـا قوربانی نەدابێ. تەنانەت ماڵی وا هەبـوو، دوو قوربانـی دابـوو. تەنیـا ماڵێـک نەبێ.... ماڵێـک قوربانی نەدابوو. ماڵەکەی من.

منیش وەک هەموو خەڵکی ئاوەدانی، بەشـداریم لـە شـینگێڕی خەڵکەکـە دەکرد. بێ ئەوەی بوێرم باس لە هیچ بکەم. بەڵام بە دڵ بۆیان بە خەم بووم. ئێوارە بوو. بە دڵگوشراوی لە پرسەکە وەدەر کەوتـم. مژێکی قـورس هەموو وڵاتی داگرتبوو. ژن و منداڵەکانم لە پرسەکە بوون. هێدیهێدی بەرەو ماڵ بوومـەوە. بیرم دەکـردەوە ئەم بارودۆخە هەتـا کەنگـێ ئـاوا درێـژەی دەبـێ؟ ئەمشەو نۆبەی کێیە؟

بـە دڵەڕاوکـێوە گەیشـتمەوە بـەر دەرگای ماڵەکەمـان. لـە پڕ شـتێک لە سـەر دەرگا چاوی پێ دەرپەڕاندم. پشـکە خوێنێـک بـە دەرگـای ماڵەکەمانەوە بوو.

ئیتـر شـێت بـووم. چـاوم چوونـە پاشکەسـەرم. چاوەڕوانـی هەمـوو شـتێک بـووم هـی ئـەوە نەبـێ. بـە تووڕەیـی خـۆم بـە دەرگا دادا. لـە مافوورەکـە هاتـە خـوار. بـە سـەرمدا قیژانـد: قەولـی ئێمـە ئـەوە نەبوو. تۆ بەڵێنـت بـە مـن دابـوو.... نەیهێشـت قسـەکەم تـەواو کـەم. گوتـی سـەیر کە...ئێسـتا تەنیـا ماڵێـک کـە دەرگاکەی بـە خوێن نەبووە، دەرگای ماڵی تۆیە.

ئـاوا دەبییـە گای نێوچـاوان قەشـان. ئەگـەر دەرگای تۆش بە خوێن نەبێ، لێمـان دڕدۆنگ دەبـن. دەماندۆزنەوە. شـتەکە تێـک دەئاڵـۆزێ. گوڕڕاندم: بێدەنـگ بـە سـەگی سـەگباب... بێدەنـگ بە.... هـاواری کرد ئەوە بە قازانجـی هەردووکمانـە. هەوڵـی دەدا هێورم کاتەوە. لێم هاتە پێش. دەسـتی لـە ئەسـتۆم کرد. نـازی بـۆ دەکردم. خـۆی تێهەڵدەسـووتم. هەوڵـی دەدا بە شـتێکی ئاسایيم بێنێتـە بـەر چـاو. هەوڵـی دەدا بچێتـە ناو مێشـکم : تۆ بڕوانە...

ئیتر قسـەی پـێ نەکرا. کـە نرکەی لە سـەر دڵـی هـات، نینۆکەکانی لە شـانم تونـد کـرد. خەنجەرێـک.... خەنجەرێکیتر...یەکیتر....

خوێـن بـە لالغـاوان دا قوڵتـەی کـرد. گـڕی چاوەکانـی کـز بـوون. هێدیهێـدی تەوژمـی نینـۆک و پەنجەکانـی لـە سـەر شـانم کـەم بـووەوە. پاڵێکـم پێـوە نـا. بـە هەناسـە بۆگەنەکەیەوە لێم دوور کەوتەوە. هەتا هێزی تێدابوو، نەعرەتەیەکی کێشـا و لـە ناوەڕاسـتی هۆدەکـە ڕمبـەی لـە زەوی هێنـا. هێرشـم کـردە سـەر. بـە خەنجـەر کەوتمە گیانی. لەگەڵ هەر خەنجەرێـک، زریکـەی دەگەیشـتە ئاسـمان. دواجـار پەنجـەم لـە کەلێنی برینەکـەی ڕۆکـرد و بـە هەمـوو هێزمـەوە دڵـم دەرکێشـا. دوازریکەی بـە جۆرێـک بـوو بـۆ ماوەیـەک وڕ و کاسـی کـردم. تۆزێـک دامـام. دانیشـتم. بە ژاوەژاوەکەڕا هەسـتم کرد لـە دار و دیـوارەوە خەڵـک دادەڕژێنە ماڵەکەم. هەستم کرد دەرفەت کەمە. ڕەنگە نەتوانم دەرچم. بێ ئەوەی خۆم بمهەوێ، دەرپەڕیمە سەر مافوورەکە. خەڵکەکـە دارژانـە هۆدەکـە. کتوپڕ بە سـەر تەرمێکـی خوێناویدا کەوتن. شـین و گابـۆڕ دەسـتی پێکـرد. منداڵەکانـم دەگریـان و ژنەکەم قژی دەڕنییـەوە. هـاوار و شـین و ڕۆڕۆ هەمـوو ماڵەکـەی داگرتبـوو. ژنـان بـە گریانـەوە دەیانگـوت: پەککوو... پەککـوو.... حەیـف بـۆ کاک عەلی.... پەککوو...

ادوویـی، ئەفسـانەیی، شـێتانە، خەون و خولیـا، زانسـتی و نووسـینەکی و ...هتـدا بـدات، بـۆ ئـەوەی بتوانێـت شـێواز و ڕاوێـژی تایبەتـی خـۆی بۆ گواسـتنەوەی ئەزمـوون و دەنگـی شـاراوەی «مـن»ی هونەریـی خـۆی بدۆزێتەوە.

KURDISTAN

Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :816 · 4 February 2022

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

## «ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.

## ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٤٠٠ هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەر کردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکووم کردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەر کردنی هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانبار، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «ئارەش محەممەدی»، کوڕی «ئەحمەد»، تەمەن ٣٢ ساڵ و خەڵکی گوندی «نجیٚ» سەر بە شاری سنە، لە کاتی گەڕانەوەی لە هەرێمی کوردستان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ٤ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سیامەند خوارەزم» خەڵکی گوندی «ئاڵیاوێ»ـی شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

سێ هاووڵاتیی بە ناوەکانی «یووسف ئەمینی»، «موراد ساعی» و ئاسۆ شێخە» خەڵکی شاری شنۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزراون.

شەوی پێنجشەممە ٧ی ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «دانا ئەحمەدپوور» و «زانا ئەحمەدپوور» کوڕانی ساڵح شەوی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندان، خەڵکی شاری بانە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «ئەیووب حەدیسی» و «ڕەحمان خێدمەتگوزار» خەڵکی شارستانی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ٦ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سۆهەیب یارئەحمەدی» تەمەن ٢٣ ساڵ و کوڕی «فەرەیدوون»، خەڵکی شروێنەی شارستانی جوانڕۆ، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٧ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «حوسێن قورەیشی» خەڵکی شارستانی بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «هێمن ڕەسووڵزادە» کوڕی عومەر خەڵکی «میراوا»ی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار، ڕاگوێزرا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «عەلی عومەرپوور» خەڵکی گوندی چیانە و «فەریاد شیلان» خەڵکی پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

ڕۆژی شەممە ٩ی ڕێبەندان، دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «زەمانە زیویە» و «میقداد (کاردۆخ) حەسەنژاد» خەڵکی شاری سەقز، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزران.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە ٩ی ڕێبەندان، لە درێژەی دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان لە شاری پیرانشار، هاووڵاتییەک بە ناوی «موراد مامەڕەش» خەڵکی «پەسوێ»ـی پیرانشار، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٩ی ڕێبەندان، «خەبات شەکیبا» چالاکی کرێکاریی خەڵکی سنە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕێبەندان، ڕێبوار عەبدوڵلاهی، چالاکی کرێکاری خەڵکی شاری سنە پاش چوونەدەرەوەی لە ماڵەکەی خۆی لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خەبات وەیسی» تەمەن ٢٤ ساڵ، کوڕی «عەبدوڵلا» خەڵکی گوندی «گوڵچێر»ی مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕێبەندان، شەعبان محەممەدی، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ١١ی ڕێبەندان، جەبار دۆستی، یەکێک لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایانی کوردستان - مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

ڕۆژی دووشەممە ١١ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «یووسف عومەرپوور» کوڕی «مستەفا» و خەڵکی گوندی «چیانە» سەر بە پیرانشار لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

ڕۆژی سێشەممە ٥ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «چیا ئاقابەیگپوور» کوڕی ئەحمەد خەڵکی گوندی «ڕەحیمخان» سەر بە بۆکان، بۆ جێبەجێکردنی حوکمی زیندانییەکەی، ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

ڕۆژی چوارشەممە ٦ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «دیاکۆ تارا» کوڕی ڕەسووڵ خەڵکی گوندی «کێلەسپیان» سەر بەبەخشی «لاجان»ـی پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ڕێبەندان، کەیوان مینوویی، چالاکی مەدەنی و مامۆستای زمانی کوردی خەڵکی گوندی «نێ»ی مەریوان، پاش تەواوبوونی ماوەی لێپرسینەوەکەی لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە، بۆ زیندانی مەریوان ڕاگوێزرا.

ڕۆژی یەکشەممە ١٠ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «موراد مورادی» تەمەن ٤٩ ساڵ خەڵکی شاری پیرانشار، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی نەغەدە کرا.

دوو هاووڵاتیی کورد بە ناوەکانی «زەمانە زیویە» و «میقداد حەسەنژاد» خەڵکی شاری سەقز، پاش دەسبەسەرکرانیان، بۆ لێپرسینەوە ڕەوانەی یەکێک لە گرتنگە ئەمنییەتییەکانی سنە کراون.

ڕۆژی سێشەممە ١٢ی ڕێبەندان، «ڕێبوار عەبدوڵلاهی» چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سنە لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا بە بنەماڵەکەی ڕاگەیاندووە کە لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنەدایە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٣ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلاح بەهرامییان» خەلکی گوندی «گوندەوێڵە» سەر بە شاری شنۆ، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی، خۆی بە زیندانی شنۆ ناساند.

### کوژران و برینداربوونی کۆڵبەران:

ڕۆژی سێشەممە ٥ی ڕێبەندان، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «میلاد ڕۆستەمی» کوڕی حوسێن خەڵکی گوندی «حەشمر» سەر بە شاری سەلاس باوەجانی، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی لە سنووری نەوسوود پێکرا.

کاتژمێر ٣ی نیوە شەوی دووشەممە ١١ی ڕێبەندان، بەهۆی پێکدادانی دوو ماشێن لە جۆری «سەمەند و پڕاید» دوو کۆڵبەر کە بران بوونە قوربانیی ئەو ڕووداوە. لەو ڕووداوەدا «لوقمان عەبدوڵلاهی» گیانی لەدەست داوە و براکەی دیکەشی بە ناوی «موختار عەبدوڵلاهی» بریندار بوو.

ڕۆژی شەممە ٩ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «چیاکۆ کەریمی» تەمەن ٢٣ ساڵ، کوڕی «حەسەن» و خەڵکی گوندی «دگاگا» سەر بە شاری سەوڵاوا، بە تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت بریندار کرا.

### بەڕێوەچوونی دادگا بۆ چالاکان:

ڕۆژی چوارشەممە ٦ی ڕێبەندان، کۆبوونەوەی دادگاییکردنی عوسمان ئیسماعیلی و مەحموود ساڵحی، دوو چالاکی کرێکاریی خەڵکی شاری سەقز بە تۆمەتی «پڕۆپاگەندە دژی نیزام» لە لقی سێی لێپرسینی دادگای ئینقلابی ئەو شارە بەڕێوە چوو.

### بێتاوان ناسرانی هاووڵاتییان لە تۆمەتی وەپاڵدراویان:

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «سەلاح عوسمانی» تەمەن ٤٤ ساڵ خەڵکی گوندی «خەراپە» و دانیشتووی گوندی «ڕزگاری (کارخانە قەند)» سەر بە شاری پیرانشار، لەلایەن ئینقلابی ئەو شارە لە تۆمەتە وەپاڵدراوەکەی، بێتاوان ناسرا.

### هاتنە مەرەخەسی زیندانیی سیاسیی:

ڕۆژی شەممە ٢ی ڕێبەندان، شاکر باغی، زیندانیی سیاسیی خەڵکی شاری «وان» سەر بە کوردستانی تورکیە، پاش ١٤ ساڵ زیندانی لە زیندانی کاشمەر سەر بە پارێزگای خۆراسان، هاتە مەرەخەسی.

### کوژران و برینداربوونی هاووڵاتییان بە مین:

ئێوارەی ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی خەزەڵوەر، بەهۆی تەقینەوەی یەکێک لە مینە بەجێماوەکانی شەڕی ئێران و عێراق لە شاری مێهران سەر بە پارێزگای ئیلام، دوو هاووڵاتی بوون قوربانی.

ئەو دوو هاووڵاتییە ژن و مێردن و هەتا ئێستا شوناسیان ناڕوونە.

ڕۆژی یەکشەممە ٢٣ی خەزەڵوەر، کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «ئاروین شەوکەتی» کوڕی «کەریم»، تەمەن ١٨ ساڵ و دانیشتووی شاری ساحێب سەر بە شاری سەقز، بەهۆی تەقینەوەی مین لە سنووری «هەنگەژاڵ»ـی بانە بریندار بوو.

### تووشبوونی زیندانی بە کۆرۆنا:

خەدیجە مەهدیپوور، زیندانیی سیاسی لە زیندانی ئیلام تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووە.


ئارش سادقی، چالاکی مافی مرۆڤ بە پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵە لە تویتێری خۆیدا، ڕایگەیاندووە کە «ئەو زیندانییە سیاسییە سەرەڕای تووشبوون بە ڤایرۆسی کۆرۆنا، لە کەمترین پێڕاگەیشتنی پزیشکی بێبەری کراوە».

### تەقەکردن لە هاووڵاتییان:

ڕۆژی چوارشەممە ٢٩ی بەفرانبار، مەئموورانی هێزی ئینتیزامی ماشینی هاووڵاتییەکی کوردیان بە ناوی «کەماڵ پەڵەنگی»، خەڵکی گوندی «مەلا حەسەن»، سەر بە ماکۆ داوەتە بەر دەسڕێژی گوللە و لە ئاکامدا کچی ئەو هاووڵاتییە بە ناوی «مزگین پەڵەنگی» تەمەن ٧ ساڵ گیانی لەدەست دا.

ڕۆژی هەینی ١ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «وریا حەسەنی»، خەڵکی بانە لە ئەنجامی تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکانی حکوومەتی ئێران بە توندی بریندار کرا.







### ئێعدامکردنی هاووڵاتییان:

سەرلەبەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ٣٠ی بەفرانبار، حوکمی لەسێدارەدانی سێ زیندانی بە ناوەکانی «حامید مەنووچێهری»، «محەممەد کەریمنژاد» و «سوبحان شووهانی» لە زیندانی ناوەندیی ئیلام جێبەجێ کرا.

سەرلەبەیانی ڕۆژی پێنجشەممە ٧ی ڕێبەندان، حوکمی لە سێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «میرسوڵتان ئەمیری» خەڵکی شاری شنۆ، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ جێبەجێ کرا.

### گیانلەدەستدان و برینداربوونی کرێکاران:

کرێکارێکی کورد بە ناوی «ناسر ساڵحی» خەڵکی گوندی «داشبەرات»ی شاری تیکاب و دانیشتووی شاری بۆکان، بە هۆی ڕووداوی کار لە ئابیک کەرەج، گیانی لەدەست دا.

### خۆکوژی هاووڵاتییان:

ڕۆژی هەینی ١ی ڕێبەندان، لاوێک بە ناوی «موبین عوسمانی» کوڕی ئەنوەر، خەڵکی شاری بانە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕێبەندان، «عەلی ڕۆستەمی»، هاووڵاتییەکی تەمەن ٣٨ ساڵ خەڵکی گوندی «چشمە کەبوود» سەر بە شاری ئیلام، بەهۆی یارمەتینەدانی لەلایەن ئەو ناوەندە حکوومەتییەوە، هەوڵی خۆسووتاندنی دا.

ڕۆژی یەکشەممە ٣ی ڕێبەندان، هاووڵاتییەک بە ناوی «فەرهاد حەسەنزادە» تەمەن ٢٣ ساڵ کوڕی حەمزە خەڵکی گوندی «گوندەوێڵە» سەر بە شاری شنۆ، بە خۆهەڵواسین کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

ڕۆژی دووشەممە ١١ی ڕێبەندان سەید کامیل مەفاخری خەڵکی سەقز خۆی کوشتووە. ناوبراو چەند ساڵێک تووشی کێشەی ماڵی ببوو و بەهۆی خراپ و بارودۆخی ئابووریی ئێران، نەیتوانی لە ژێر باری گرفتە ماڵییەکانی هەڵبستێتەوە. هەر بەو هۆیەوە لە ئاکامدا دەستی دایە خۆکوژی.